گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# شێوازەکانی پشتگوێخستنی خێزانی لەسەر لادانی مێردمنداڵ

## توێژینەوەیەکی تیۆری شیکارییە

**هەورین کانبی احمد**
بەشی کۆمەڵناسی, کۆلێژی ئاداب , زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان-عێراق.
hawreenkanabe@gmail.com

**پ.ی.د. زانا أحمد پیرداود**
بەشی کۆمەڵناسی, کۆلێژی ئاداب , زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان-عێراق.
Zana.perdawd@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٥/٥/١٥
پەسەندکردن:٢٠٢٥/٧/٦
بڵاو کردنەوە:هاوین ٢٠٢٦

**ووشە سەرەکییەکان**
*Neglect, Family, Delinquency, Adolescent, Juvenile Delinquency.*

**Doi:** 10.25212/lfu.qzj.11.3.16

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر شێوازەکانی پشتگوێخستنی خێزانی لەسەر لادانی مێردمنداڵ. لە کۆمەڵگەدا مێردمندالان ڕووبەڕووی چەندین شێوازی جۆراوجۆر لە پشتگوێخستن، وەك پشتگوێخستنی (جەستەیی، تەندروستی، ژینگەیی، خۆشەویستی و دەروونی، پەروەردەیی، چاودێری و کۆنترۆڵکردن) بەتایبەت لەلایەن باوانەوە دەبنەوە، لەوانەیە ئەمەش زۆرجار مەترسی لەسەرلێکدانەوە و ڕەفتاریان هەبیت و، ببێتە پاڵنەریك بۆ گرتنەبەری ڕێگەی نارەوا لە پێناو پرکردنەوەی کەموکورییەکانی ژیانیان. ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە خستنەڕووی شێوازە جیاوازەکانی پشتگوێخستنی خێزانی و، هەروەها ڕۆڵی ئەو شێوازانە لە لادانی مێردمندالان. بەمەش گرفتی توێژینەوەکە خۆی لەو پرسیارە دەبینێتەوە: ئایا شێوازەکانی پشتگوێخستن چین و ڕۆڵیان لە لادانی مێردمنداڵان چیە؟. گرنگی توێژینەوەکەش بریتییە لە هەوڵێك بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شیکردنەوەی زانستی لە دیاردەی لادان لە ئەنجامی پشتگوێخستنی خیزانی دێتەئاراوە، هەروەها گرنگییەگی تریش ئەوەیە دەبێتەهۆی دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەم بابەتە. ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی تیۆری شیکارییە، بۆیە هەوڵدەدات دیاردەی پشتگوێخستنی خێزانی لە شێوەی کەمتەرخەمی باوان لە دابینکردنی پێداویستییە ماددی و مەعنەوییەکانی مێردمنداڵانی پەیوەست بە لادان و ڕەفتاری نایاسایی بخاتەڕوو، ئەمەلەلایەك، لەلایەکی ترەوە هەوڵدەدات خوێندنەوەیەکی واقعیانە بۆ بابەتەکە لە ڕێگای خستنەڕووی توێژینەوە پێشووەکانی پەیوەست بەم بابەتە، لەگەڵ خستنەڕووی بیروبۆچوونی تیۆرڤانانی کۆمەڵناسی بۆ زیاتر تێگەیشتن لە دیاردەکە بکات، لە ئەنجامە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە دەرکەوتووە، کە کەمتەرخەمی باوان لە بەخشینی سۆز و خۆشەویستی و، لاوازی چاودێری و لێپرسینەوە لە چۆنیەتی کات بەسەربردن لە دەرەوەی ماڵ و، گرنگینەدان بە ناسینی هاوڕێکان و، کەمتەرخەمی لە دابینکردنی پێداویستییە مادییەکانی وەك (خواردن وخواردنەوە، جلوبەرگی گونجاو، شوینی حەوانەوەی پیویست و تەندروست، پێنەدانی خەرجی ڕۆژانەی پێویست)، هۆکاری سەرەکی نزیکبوونەوەی مێردمندالانە لە بازنەی لادان

## پێشەکی

دیاردەی لادانی مێردمنداڵ یەکێکە لە کێشە کۆمەڵایەتییە هەرە گرنگەکان کە سەرنجی زانستە کۆمەڵایەتی، دەروونی و یاساییەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، بەهۆی ئەو کاریگەرییە نەرێنییە قووڵانەی کە لەسەر گەشەی تاک و پێکهاتەی کۆمەڵگا دروستی دەکات. لادان، کە بە ڕەفتارێکی نایاسایی و نەگونجاو لەگەڵ پێوەر و بەها کۆمەڵایەتییەکاندا پێناسە دەکرێت، بەرهەمی کۆمەڵێک هۆکاری ئاڵۆزی ژینگەیی، کۆمەڵایەتی و دەروونییە کە لە نێویاندا پشتگوێخستنی خێزانی ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت.

خێزان، وەک سەرەتایی‌ترین و کاریگەرترین دەزگای پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی، بەرپرسیارێتییەکی گەورەی لەسەر شانە لە دروستکردنی کەسایەتی مێردمنداڵ و ئاراستەکردنی ڕەفتارەکانیدا. کەمتەرخەمی خێزان لە جێبەجێکردنی ئەرکە بنەڕەتییەکانی، بەتایبەت لە قۆناغە هەستیارەکانی گەشەکردندا، دەتوانێت ببێتە پاڵنەرێکی بەهێز بۆ پەنابردنی مێردمنداڵ بۆ ڕەفتاری لادەر.

ئەم توێژینەوەیە، هەوڵ دەدات شێوازە جیاوازەکانی پشتگوێخستنی خێزانی لەسەر لادانی مێردمنداڵ شیبکاتەوە و پەیوەندییە هۆکارییەکانی نێوانیان دەستنیشان بکات. چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە پشت بە مۆدێلە زانستییە پێشکەوتووەکانی بواری کۆمەڵناسی و دەروونناسی دەبەستێت، بەتایبەت تیۆری نائومێدی و تیۆری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، بۆ دابینکردنی بناغەیەکی مەعریفی بەهێز و هەمەلایەن.

توێژینەوەکە لە ڕێگەی تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو ، هەوڵدەدات سەرنج بخاتە سەر تایبەتمەندییەکانی دیاردەی شێوازەکانی پشتگویخستنی خیزانی و ڕۆڵی لە لادانی مێردمنداڵان، ئەمەش دەکرێت لەڕێگەی ئەو ئەنجامانەی کە پێی گەیشتوون سوودی هەبێت، تاکو بتوانێت کۆمەڵێك پێشنیار بخاتڕووبۆ یارمەتیدانی خێزان و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان بۆ چارەسەرکردن و کەمکردنەوەی ئەم کێشەیە و گەڕاندنەوەی مێردمنداڵانی لادەر بۆنیو کۆمەلگا بە شێوەیەکی دروست.

## 1: ڕەهەندەکانی توێژینەوە:

### 1-1گرفتی توێژینەوە:

دیاریکردنی گرفتی هەر توێژینەوەیەک، دەستپێک و خاڵی سەرەکی توێژینەوەی کۆمەڵایەتییە، کە هزر و بیری توێژەر بۆ خۆی ڕادەکیشێت و، هانی دەدات بۆ گەڕان و لێکۆڵینەوە بە دوای خستنەڕوو و ئاشکراکردنی ئەو هۆکار و پاڵنەرانەی کە ڕۆڵیان هەیە لە ڕوودانی گرفتەکە. دەکرێت لەم توێژینەوەیە باس لە خێزان بکرێت بەوەی کە ئەو دەزگا کۆمەڵایەتییە لە کۆمەڵگا، کە لە هەموو دەزگاکانی تری کۆمەڵگا ڕۆڵی لە پەروەردە و پێگەیاندنی مێردمنداڵەوە هەیە، بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جۆرێك خاوەنی کۆمەڵێك ئەرك و ڕۆڵە، كە دەبێت بە شێوەیەکی ڕێکوپێك ئەم ئەرکانە جێبەجێبکات، چونکە پشتگوێخستنی ئەم ئەرکانە و شکستهێنان لە جێبەجێکردنیان، دەکرێت کاریگەریی خراپی لەسەر پەروەردە و پێگەیاندنی مێردمنداڵەوە هەبێت، ڕەنگە پشتگوێخستنی هەر ئەرکێك لەلایەن خێزانەوە، ببێتە پاڵنەرێکی بەهێز بۆ هاندانی مێردمنداڵ بۆ ئەنجامدانی لادان. بۆیە لەم توێژینەوەیەدا توێژەر هەوڵدەدات بگات بە وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە:

**1-1-1-ئایا شێوازەکانی پشتگوێخستنی خێزانی چین؟**

**1-2-1-ئایا ڕۆڵی ئەم شێوازانە لە لادانی مێردمنداڵەوە چین؟**

## 2-1گرنگی توێژینەوەکە

هەر توێژینەوەیەکی زانستی گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، گرنگی ئەم توێژینەویەش لەوەدا دەردەکەوێت، کە هەوڵێکە بۆ زانین و ئاشکراکردنی شێوازەکانی پشتگوێخستنی خێزانی لەسەر لادانی مێردمنداڵەوە ئەمە لەلایەك. لەلایەکی تریشەوە گرنگییەکەی خۆی دەبینێتەوە لە جەختکردنەسەر شیکردنەوەیەکی زانستی بۆ بوار و لایەنەکانی ئەم توێژینەوەیە، بە سوود وەرگرتن و پشتبەستن بە سەرچاوە مەعریفییەکانی وەکو: ئاڕاستەی تیۆریی، توێژینەوەکانی پێشوو و بیروبۆچوونی توێژەران، لەگەڵ خستنەڕووی ئەو پێشنیارانەی کە یارمەتیدەر دەبن بۆ دامەزراوەی خێزان و دەزگاکانی چاکسازی نەوجەوانان لە هەرێمی کوردستان، بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ڕەفتاری لادەری و دانانی پرۆگرام و پلانی گونجاو لەلایەن خێزان و دەزگاکانی چاکسازی بۆ دووبارە ئامادەکردنەوەی میردمنداڵ بە شێوەیەکی تەندروست بۆ ناو کۆمەڵگا، هەروەها گرنگیەکی تریش ئەوەیە، ئەم بابەتەش ڕۆڵی دەبێت لە دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەکانی کۆمەڵناسی و دەروونزانی و یاسا لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 1-3 ئامانجی توێژینەوەکە:

هەرتوێژینەوەیەکی زانستی ئامانجی دیاریکراوی هەیە، ئەم توێژینەوەیەش چەند ئامانجێکی هەیە، تویژەر دەیەوێت بەهۆی خوێندنەوەیەکی زانستیانە لە بابەتی توێژینەوەکە پێیان بگات؛ بە پشت بەستن بە ئاراستە تیۆرییەکان و توێژینەوەکانی پێشوتر و بیروبۆچوونی توێژەران، ئامانجەکانیش بریتین لە:

**1-3-1-دەرخستنی شێوازەکانی پشتگوێخستنی خیزانی.**
**1-3-2--ئاشکراکردنی ڕۆڵی شێوازەکانی پشتگوێخستنی خێزانی لە لادانی میردمنداڵانەوە.**

## 2: پێناسەی چەمکەکان:

لە توێژینەوە زانستییەکانی بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا, پێناسەی چەمکەکان، یەکێکە لە هەنگاوە سەرەکیەکانی توێژینەوەو، کە بە کارێکی پێویست و بەشێکی گرنگی تیۆری کۆمەڵایەتی دادەنرێت.

### 2-1- پشتگوێخستنی خێزانی-Family neglect

پشتگوێخستنی خێزانی پێناسە دەکرێت بە شێوازێك لە شێوازەکانی پەروەردەی هەڵەی باوان، کە لە کاتی پەروەردە و پێگەیاندنی مێردمنداڵان پراکتیزەی دەکەن (حسن، 1970: 45). لەلایەکی ترەوە کۆمەڵەی مرۆیی ئەمریکی پێناسەی پشتگوێخستنی خێزانی دەکەن بەوەی بریتییە لە شکستهێنانی باوان لە دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی مێردمنداڵان، وەک(خواردن و خواردنەوە، جلوبەرگی گونجاو، شوێنی حەوانەوە، پێداویستی خوێندن و چاودێری پزیشکی)، ئینجا دابیننەکردنیان بە هەرهۆکار و پاساوێك بێت (سواقد و الطراونة، 2000: 415). هەروەها نووسەری مسری وفیق صفوت (2004) پێیوایە پشتگوێخستنی خێزانی واتە کەمتەرخەمی باوان لە هاندانی مێردمنداڵ بۆ ئەنجامدانی ڕەفتاری دروست و دوورکەوتنەوەی لە رەفتاری نادروست، یاخود سزانەدانی لە کاتی ئەنجامدانی ڕەفتاری نارەوا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەتایبەتی لەلایەن باوکەوە (مختار، 2004: 217). بە گوزارشتێکی تر پشتگوێخستنی خێزانی لە ئینسایکلۆپیدیای خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتیدا پێناسە دەکرێت بە کەمتەرخەمی باوان لە پێدانی سۆز و خۆشەویستی بە مێردمندالان، پاڵپشتنەکردنیان لە چۆنیەتی گونجاندنی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ نۆرم و بەها و یاساکانی کۆمەڵگا (محمد، 2013: 116). لەلایەکی تریشەوە شارەزایانی دەروونناسی کۆک بوون لەسەر ئەوەی پشتگوێخستنی خێزانی بریتییە لە کەمتەرخەمی و شکستهێنانی بەردەوامی باوان لە دابینکردنی چاودێری تەندروستی، سۆزداری، پەروەردەیی و ئاسایشی پێویست بۆ گەشەی دەروونی مێردمندال (Stevenson, 1998 :4).

دەتوانین پێناسەی پشتگوێخستنی خێزانی لەڕوی تیۆرییەوە بکەین بەوەی کە بریتییە لە: یەکێك لە شێوازەکانی پەروەردەی نادروستی باوان، کە لە کاتی پەروەردەکردنی مێردمنداڵەکانیان پەیڕەوی دەکەن، ئەمەش بەواتای فەرامۆشکردنی ئەرکی دابینکردنی پێداویستییە ماددی و مەعنەوییەکانی مێردمندالان لەلایەن باوانەوە دێت، ئینجا چ بەمەبەست یان بێ مەبەست بێت.

## 2-2: مێردمندال-Juvenile

لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە مێردمندال ئەو کەسەیە، کە قۆناغەکەی لە تەمەنی بچووکییەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە تەمەنی پێگەیشتن و جێگیربوونی توخمە کۆمەڵایەتییە پێگەیشتووەکان لە ناخیدا (الشرقاوي، 1986: 22). یاخود پێناسە دەکرێت بەوەی کەسێکە تەمەنی نەگەیشتۆتە هەژدە ساڵی، کە ڕەفتارێکی جیاواز لە ڕەفتارە پەسەندکراوەکانی کۆمەڵگە ئەنجامدەدات، بەمەش زیان بە خۆی و کەسانی دەوروبەریەوە دەگەیێنێت (الزهراني، 2006: 18). هەروەها لە پێناسەیەکی دیکەدا بۆ مێردمندال ئەو کەسەیە زۆرجار بەهۆی کەوتنە ژێر کاریگەری ژینگەی نالەباری خێزان و پەروەردەی نادروستی باوان، وا دەکات ڕەفتاری نایاسایی و ناڕەوا ئەنجامبدات (المطيري، 2006: 46).

لە ڕووی دەروونییەوە پێناسەی مێردمندال دەکرێت بەوەی ئەو کەسەیە توانای تێگەیشتنی ڕاست و دروستی سنوری ڕاستییەکانی نییە، واتە توانای هەڵبژاردنی شتە سوودبەخشەکان و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دوورکەوتنەوە لە شتە زیانبەخشەکانی نییە، بەهۆی ناتەواوی و لاوازی لە گەشە و توانای دەروونی و جەستەیی (عبدالتواب، 1995: 14). یاخود مێردمنداڵ وا پێناسە دەکرێت بەوەی ئەو قۆناغەیە هەر لە کاتی دروستبوونی کۆرپەلە لە سکی دایکدا دەست پێدەکات تا دەگاتە قۆناغی باڵقبوون (رسلان، 1996: 37).

لە رووی یاساییەوە یاسای سزادانی عیراقی لە ساڵی (1969) بەم شێوەیە پێناسەی مێردمنداڵی کردووە، کە ئەو کەسەیە تەمەنی (7) ساڵی تێپەڕاندووە و نەگەیشتۆتە تەمەنی(18) ساڵی(قانون العقوبات،1969) . لە یاسای چاودێری مێردمنداڵ لە هەرێمی کوردستانی عێراق بە ژمارە (67) لە ساڵی (1983) پێناسەی مێردمنداڵ دەکات بەوەی بریتییە لەو کەسانەی کە تەمەنی (11) ساڵیان تێپەڕاندووە و نەگەیشتوون بەتەمەنی (18) ساڵی (قانون رعاية الاحداث اقليم كردستان،1983). هەروەها" الدوری" لە ساڵی(1985) پێناسەی مێردمنداڵ دەکات و دەڵێت ئەو کەسەیە کە ماوەی تەمەنی دیاریکراوە، واتە لە ڕووی یاساوە گوزارشتە لەو کەسانەی کە تەمەنیان لە خوارووی (18) ساڵیدایە (الدوري، 1985: 3). لە پێناسەیەکی تردا بۆ مێردمنداڵ محمود ئەبوو زێد لە فەرهەنگی زانستی تاواناسی و کۆمەڵناسی یاسایی و سزاداندا دەڵێت: مێردمنداڵ ئەو کەسەیە کە هێشتا تەمەنی نەگەیشتووەتە تەمەنی یاسایی، ئەو تەمەنەش جیاوازە بە پێی یاساکانی وڵاتە جیاوازەکان، هەروەها ئەم تەمەنە لە یاسای مەدەنیدا جیاوازە بە بەراورد بە یاسای سزادان، ئەمەش گرنگی خۆی هەیە لە ڕووی لێپرسینەوەی تاوانکارییەوە (أبوزيد، 2003: 428). یاخود مێردمنداڵ پێناسە دەکرێت بەوەی ئەو کەسەیە کە لە کاتی ئەنجامدانی لادان و نزیکبوونەوەی لە دۆخێکی لادەری، هێشتا تەمەنی هەژدە ساڵی تێنەپەڕاندووە (فهمي، 2007: 283).

دەتوانین دەستنیشانی چەمکی مێردمنداڵ لە ڕووی تیۆرییەوە بەم شێوەیە پێناسەبکەین: ئەو کەسەیە تەمەنی (11) ساڵی تەواوکردووە و نەگەیشتۆتە (18) ساڵی ، کە هێشتا ئاستی تێگەیشتنی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونی و یاسایەوە تەواو پێنەگەیشتووە، بەمەش هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی تەواو نەبووە بەرامبەر بە ڕەفتار و کردارەکانی، چونکە تێگەیشتنی بۆ ڕووداو و دیاردەکان لە کۆمەڵگادا تەواو پێنەگەیشتووە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 2-3-لادانDelinquency

لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە کۆمەڵناسانی ئەمریکی پێناسەی لادانیان کردووە بەوەی بریتییە لە کۆی ڕەفتاری تاك یان گروپێك، کە لەگەڵ بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتییە باوەکانی کۆمەڵگا ناگونجێت و بارودۆخێکی گرژ و ناکۆك دروست دەکات، سەرئەنجام سزا و سەرزەنشتکردنی بۆ دادەنرێت (فیریول، 2010: 70). هەروەها زانای کۆمەڵناسی کۆهین (1968) پێیوایە لادان ڕەفتارێکە کە پێچەوانەی پێوەرەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایە، کە بە ناڕەوا دەناسرێتەوە لە چوارچێوەی سیستەمی کۆمەڵایەتیەوە (Hirschi,1969: 51). لە پێناسەیەکی تر کە لەلایەن زانای کۆمەڵناسی ڕۆبرت مێرتۆن (1961) کراوە ێپیوایە لادان ڕەفتارێکە کە بەشێوەیەکی بەرچاو لە ستانداردەکان لادەدات، کە بۆ خۆی لە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی بۆ مرۆڤەکان هاتۆتەکایەوە (بوخمیس، 2014: 67). بەڵام مارشال کلینارد (1963) پێیوایە لادان ڕەفتارێکە کە لەگەڵ چاوەڕوانی و پێوەرەکانی ڕەفتاری تاکەکەسی و گشتی دیاریکراو لە ناو سیستەمی کۆمەڵایەتیدا ناگونجێت، ئەمە ئاماژە بەو بارودۆخانە دەکات کە تێیدا ڕەفتار ئاراستەیەکی ناپەسەند یان نەویستراو وەردەگرێت، بەڕادەیەک کە سنووری لێبوردەیی لە کۆمەڵگای خۆجێیی تێدەپەڕێنێت (جابر، 2004: 54). سەید رمضان (1991) پێیوایە لادان بریتییە لە دۆخێکی کۆمەڵایەتی کە تێیدا مێردمنداڵ دەکەوێتە ژێر کاریگەری یەک یان چەند فاکتەرییێکی بەهێز، کە دەبێتەهۆی ئەنجامدانی ڕەفتاریکی نەگونجاو کە دەچێتە چوارچێوەی لادان (عبدالخالق و رمضان، 2001: 19).

لەڕووی دەروونیەوە پێناسەی لادان دەکرێت بەوەی ڕەفتارێکە پێچەوانەی داب و نەریت و یاساکانی کۆمەڵگایە، کە لە ئەنجامی ململانێی و وەڵامنەدانەوەی نێوان تاك و خودی خۆی، یان نێوان تاك و کۆمەڵگا دێتە ئاراوە (زکریا، 1976: 59). هەروەها زانای دەروونناسی سیرل بیرت پێناسەی لادانی کردووە بەوەی بریتییە لە زیادەڕۆیی لە دەربڕینی هێزی غەریزەکان و توندی هەڵچوونەکان لای هەندێک لە مێردمنداڵان (أبو الخيرو العصرة،1961: 142). دەکرێت پیناسەی لادان بکرێت بە ڕەفتارێکی نایاسایی کە ئاماژە بۆ نەگونجان لەگەڵ پێوەر و بەهاکانی کۆمەڵگە دەکات، ئەمەش بە هۆی ئەوەی کەسی لادەر تووشی ململانێ و تێکچوونی دەروونی بووە لە

نێوان خۆی و خێزان و کۆمەڵگا، ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی کە تێیدا دەژی (العکایلة، 2006: 66).

بەڵام لە رووی یاسایەوە لادان پێناسە دەکریت بەوەی کە بریتییە لە پێشێلکردنی نۆڕمێکی کۆمەڵایەتی کە بە سزادان لە یاسادا دەقنووس کراوە (سمیة، 2006: 24) هەروەها نووسەری مسری عبدالرحمن العیسوی پێیوایە لادان شکستهێنانە لە ئەنجامدانی ئەرك یان یان پێشێلکردنی یاسا لەلایەن مێردمنداڵانەوە، ئەم ڕەفتارە زۆربەی جار لەلایەن ئەو کەسانەی کە تەمەنیان کەمتر لە هەژدەساڵەوە ئەنجامدەدرێت، بەمەش سەرنجی دادگا بۆلای خۆیان ڕادەکێشن (العیسوي، 1984: 29).

پێناسەی چەمکی لادان لە ڕووی تیۆرییەوە بریتییە لەو ڕەفتارە نەشیاوەی کە دژی ئەو بەها و ستانداردە کۆمەڵایەتییانەیە کە لە کۆمەڵگا دانیانپێدانراوە و لەهەمان کاتدا یاسا قەدەغەی کردووە، ئەم ڕەفتارەش زیاتر لەلایەن مێردمنداڵانەوە ئەنجامدەدرێت، کەگرفتێکی کۆمەڵایەتی و لادەری دێنێتە ئاراوە.

## 3: توێژینەوە ناوخۆییەکان و بیانییەکان و خستنەڕووی تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو:

### 3-1-خستنەڕووی توێژینەوەکانی پیشوو:

**3-2-توێژینەوەی نبال فوزی محمود (2013) بە ناونیشانی "ڕۆڵی خێزان لە لادانی مێردمنداڵان**-توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە چاکسازی مێردمنداڵان لە شاری دهۆك".

ئامانجی توێژینەوەکە پیکهاتووە لە ئاشکراکردنی رۆڵی مامەڵەی باوان لە لادانی مێردمنداڵان، هەروەها خستنەڕووی رۆڵی جیابوونەوەی باوان لە لادانی مێردمنداڵان، لەگەڵ زانینی کاریگەری بارودۆخی ئابووری و گەورەیی قەبارەی خێزان لەسەر لادانی مێردمنداڵان، هەروەها دیاریکردنی ڕۆڵی ئاستی خویندەواری مێردمنداڵان و باوان لە لادان. توێژەر لەم توێژینەوەیە پشتی بە میتۆدی وەسفی لەرێگای ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بە نموونە بەستووە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە هەموو ئەو مێرمنداڵانەی کە لە بەشی چاکسازی مێردمنداڵان لە شاری دهۆك

حوکمدرابوون، ژمارەیان (39) مێردمنداڵ بوون کە بە شێوەی نموونەی مەبەستدار هەلبژێردرابوون. سەبارەت بە ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری توێژەر پشتی بە فۆڕمی ڕاپرسی بەستووە. هەروەها ئەو ئامرازە ئامارییانەی بەکاریهێناوە بریتیبووە لە ڕێژەی سەدی.

## گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

1-دەرکەوتووە کە بە ڕێژەی (76%) مێردمنداڵە لادەرەکان پشتگوێخراون لەلایەن باوانیانەوە، ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر کەسایەتی و دەروونی مێردمنداڵ دروست کردووە بۆتەهۆی پاڵنانی بۆ نزیکبوونەوە لە لادان و ئەنجامدانی ڕەفتاری نارەوا.

2-لە ئەنجامێکی تر دەرکەوتبوو بە ڕێژەی (66%) نموونەی توێژینەوەکە بەهۆی پشتگوێخستنی ئەرکی بەدواداچوونیان لە چۆنیەتی کاتبەسەربردن لە دەرەوەی ماڵ لەلایەن باوانەوە، بۆتەهۆی پەیداکردنی هاوڕێی خراپ و تووشبوون بە لادان.

3-دەرکەوتووە بە ڕێژەی (79.48%) مێردمنداڵە لادەرەکان بەهۆی خراپی باری ئابووری خێزانیان، پەراوێزخستنی دابینکردنی داواکاری ماددیەکانیان و پێنەدانی خەرجی ڕۆژانە، ناچار بن کار بکەن و هاوکاری خێزانەکانیان بکەن، ئەمەش دەریخستووە ئیشکردنی مێردمنداڵان لە تەمەنی زووەوە، دەبێتەهۆی زووتر نزیکبوونەوە لە ژینگەی نادروست و ئەنجامدانی ڕەفتاری نایاسایی.

**3-3**.توێژینەوەی زانا احمد بیرداود (٢٠١٩)، بەناونیشانی" لێکترازانی خێزان و پەیوەندی بە لادانی مێردمنداڵ-توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە بەشەکانی چاکسازی نەوجەوانان لە شاری هەولێر".

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی کاریگەری دیاردەی لێکترازانی خێزان لە ڕووی ماددی و مەعنەویەوە لەسەر لادانی یەکەکانی توێژینەوە لە شاری هەولێر، لەگەڵ ئاشکراکردنی خراپی ئاستی پەیوەندی نێوان باوان و کاریگەری لەسەر لادانی مێردمنداڵ. لەم توێژینەوەیە توێژەر پشتی بە میتۆدی وەسفی شیکاری بە ڕێگای ڕووپێوی کۆمەڵایەتی گشتی

بەستووە، لە هەمان کاتدا سوودی لە میتۆدی بەراوردکاری وەرگرتووە بۆ دۆزینەوەی جیاوازی لە نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بەشی چاکسازی نەوجەوانان لە شاری هەولێر بووە، هەروەها یەکەکانی توێژینەوەکە بریتیبووە لە هەموو ئەو مێردمنداڵانەی لەو بەشە حوکمکرابوون، کە ژمارەیان (68) یەکە بووە. سەبارەت بە ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری توێژەر پشتی بە فۆرمی ڕاپرسی چاوپێکەوتن بەستووە.گرنگترین ئامرازە ئامارییەکان بەکارهاتووەکان بریتین لە(ڕێژەی سەدی-هاوکۆلکەی پەیوەندی-تاقیکردنەوەی کایسکوێر-کرامر-ناوەندی ژمێری-لادانی پێوەری).

## گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتییە لە:

1-یەکێك لە ئەنجامەکان دەرکەوتووە، کە بە ڕێژەی (79.4%) خێزانی یەکەکانی توێژینەوە هەژار و کەمدەرامەت بووینە، ئەمەش وایکردووە باوان نەتوانن پێداویستی و داواکاری ماددی ئەندامانی خێزان، بەتایبەتی مێردمنداڵان دابین بکەن، هەربۆیەش مێردمنداڵان هەوڵیانداوە ڕووبکەنە لادان و گرتنەبەری ڕێگەی نایاسایی بۆ بەدەستهێنانی پێداویستییەکانیان.
2-هەروەها دەرکەوتووە بە ڕێژەی (50%) یەکەکانی توێژینەوە، بەردەوام ناکۆکی و کێشە لە نێوان دایك و باوکیانەوە هەبووە، ئەمەش وایکردووە باوان کەمتەرخەمبن لە گرنگیدان بە مێردمنداڵەکانیان، بیبەشکردنیان لە سۆز و خۆشەویستی.
3-لە ئەنجامێکی تریش دەرکەوتووە بە ڕێژەی (61.7%) یەکەکانی توێژینەوە پشتگوێخراون لەلایەن باوانیانەوە، لە ئاڕاستەکردن و بەدواداچوونی ڕەفتاریان لە دەرەوەی ماڵ و ناسینی هاوڕێکانیان، ئەمەش بۆتەهۆی ڕێگەخۆشکەر بۆ نزیکبوونەوەی لە لادان و ڕەفتاری نارەوا.
4-دەرکەوتووە بە ڕێژەی (47.1%) یەکەکانی توێژینەوە تووشی جیاکاری بوونەتەوە لەگەڵ خوشك و براکانیان لەلایەن باوانیانەوە، ئەم جیاکارییەش وایکردووە کەوا باوان گرنگی بە هەندێك لە منداڵەکانیان بدەن و ئەوانیتر پشتگوێبخەن، ئەمەش بۆتەهۆی دروستبوونی هەستی ڕقلێبوونەوە و ئیرەیی لەلای یەکەکانی تویژینەوە بەرامبەر باوان و خوشك و براکانی، پەنابردن بۆ تۆڵەسەندنەوە و ئەنجامدانی لادان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

5-ئەنجامێکی تریش ئەوەیە بە ڕێژەی (67.6%) وەڵامدەرەوەکان پێیان وابوو، کەوا بێبەشبوونە لە سۆز و خۆشەویستی باوان و گرنگینەدان بە تێرکردنی حەز و ویستەکانیان، وایکردووە پەنا بۆ سەرچاوەی تر ببەن بۆ دەستکەوتنی پێداویستییە مەعنەوییەکانیان بە ڕێگەی ناڕەوا.

**3-4**.توێژینەوەی یحیاوی عبدالکریم و سلیم شەهین (2020)، بەناونیشانی " پشتگوێخستنی خێزان و لادانی مێردمنداڵ-توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری تبسە-جزائیر.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ئاشکراکردنی پەیوەندی پشتگوێخستنی خێزانی بە لادانی مێردمندالان، لەگەڵ زانینی جۆری لادانی ئەو مێردمنداڵانەی کە بەدەست پشگوێخستنی حێزانیەوە دەناڵێنن. تویژەرەران لەم توێژینەوەیەدا پشتیان بە میتۆدی وەسفی و میتۆدی توێژینەوەی بار بەستووە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە شاری تبس بووە لە جەزائر، نموونەی توێژینەوەکەیان پێکهاتبوو لە (١٢) مێردمنداڵ کە تەمەنیان لە نێوان(١٢-١٨)ساڵیدابوو، بەشێوەی مەبەستدار هەڵبژێردرابوون. سەبارەت بە کۆکردنەوەی زانیاری پشتیان بە چاوپێکەوتن بەستووە.

## گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوە:

1- دەرکەوتووە پەیڕەوکردنی شێوازی پشتگوێخستن لە پەروەردە و پێگەیاندنی مێردمنداڵ لەلایەن باوانەوە، بۆتەهۆی لە دەستدانی هەستی متمانەبەخۆبوون، شکستهێنان لە دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دروست لەلایەن مێردمنداڵەوە، ئەمەش وایکردووە مێردمنداڵ لە خێزان دووربخاتەوە، ببێتە کوڕی شەقام و کۆڵانەکان و تێکەڵبوون بە هاوڕیی خراپ، لاساییکردنەوەی ڕەفتاریان و ئەنجامدانی کردەی لادەری.

2-نەزانین و درك پێنەکردنی باوان بە مەترسیدارەکانی پشتگوێخستنی مێردمنداڵ لە رووی مەعنەوی، بێبەشکردنی لە سۆز و خۆشەویستی، وایکردووە کاریگەری نەرێنی لەسەر دەروونی مێردمنداڵ دروست بکات ببێتەهۆی ئەنجامدانی ڕەفتاری نەخوازراو و ناڕەوا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3- پشتگوێخستن و خەمساردی باوان لە هاندانی مێردمنداڵ بۆ پەیڕەوکردنی بنەمای ئایینی، نزیکبوونەوە لە ئاکاری باش، وایکردووە مێردمنداڵ بخاتە بەردەم ڕەفتاری نەشیاو و ناڕەوا.
4-پشتگوێخستن و کەمتەرخەمی باوان لە دابینکردنی پێداویستییە سەرەکیەکانی مێردمنداڵان، وەك (خواردن حواردنەوە، جلوبەرگی گونجاو، خەرجی ڕۆژانە)، هۆکارێکی سەرەکی بووە لە پاڵنانی مێردمنداڵان بۆ گرتنەبەری ڕێگای نایاسایی لە پێناو دابینکردنی پێداویستییەکانیان.
5-لە ئەنجامەکاندا دەرکەوتووە گرنگینەدان و پشتگوێخستنی تەندروستی مێردمنداڵان لە لایەن باوانەوە، لە ڕووی لاوازی چاودێری تەندروستیان و بایەخنەدان بە پشکنینی باری تەندروستیان، کاریگەری خراپی لەسەر تەندروستی جەستەیی و دەروونی مێردمنداڵان هەبێت، تووشی چەندین ڕەفتاری نادروست و لادەری بکات.

### 3-2-تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو

لەم تویژینەوەیەدا چەند توێژینەوەیەکی پێشوو خراوەتەڕوو، بەشێوەی جیاواز باس لە پشتگوێخستنی خێزانی و مەترسی لەسەر ژیان و ڕەفتاری مێردمنداڵان دەکەن،کە لە کۆمەڵگای کوردی و عەرەبی ئەنجامدراوە. سەبارەت بە ئەنجامی توێژینەوەکەمان لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو، بۆمان دەرکەوت کە جیاوازی و هاوشێوەبوون هەیە، لێرەدا ئاماژە بە خاڵە لێکچوو و جیاوازەکان لە چەند ڕوویەکەوە دەکەین، بەم شێوەی خوارەوە

### 3-2-1-لەڕووی ئامانجەوە:

ئامانجی سەرەکی توێژینەوەی ئێستا بریتییە لە ئاشکراکردنی ڕۆڵی شێوازەکانی پشتگوێخستنی خێزانی لە لادانی مێردمنداڵان، ئەمەش هاوشێوەیە لەگەڵ ئامانجی سەرەکی توێژینەوەی (یحیاوی عبدالکریم و سلیم شەهین)، کە جەخت لەسەر هەمان ئامانج دەکەنەوە، بەڵام جیاوازە لەگەڵ ئامانجەکانی توێژینەوەی (زانا احمد بیرداود) کە جەخت لەسەر زانینی کاریگەری دیاردەی لێکترازانی خێزان لە ڕووی ماددی و مەعنەویەوە لەسەر لادانی مێردمنداڵان دەکاتەوە، هەرچەندە لە لێکترازانی مەعنەوی لە هەندێك پرسیار جەخت لەسەر مەترسییەکانی لێکترازانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مەعنەوی بەوێنەی پشتگوێخستنی خێزانی بە لادانی مێردمنداڵ دەکاتەوە، هەروەها جیاوازیشە لەگەڵ توێژینەوەی (نبال فوزی محمود) کە ئەویش جەخت لەسەر ئاشکراکردنی ڕۆڵی مامەڵەی باوان لە لادانی مێردمنداڵان دەکاتەوە، بەڵام لە ئەنجامەکانی کاریگەری پشتگوێخستنی خێزانی لەسەر مێردمنداڵان خستۆتەڕوو.

### 3-2-2-لەڕووی میتۆدەوە

سەبارەت بەو میتۆدانەی کە لە توێژینەوە پێشووەکان بەکارهاتووە، دەرکەوتووە (نبال فوزی محمود) لە توێژینەوەکەی پشتی بە میتۆدی وەسفی شیکاری لە ڕێگەی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەنموونە بەستووە، سەبارەت بە توێژینەوەی (زانا احمد بيرداود) میتۆدی وەسفی شیکاری لە ڕێگەی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی گشتگیر بەکارهاتووە، بەڵام لە توێژینەوەی (يحياوى عبدالكريم و سليم شەهين) دەرکەوتووە کە پشتیان بە میتۆدی وەسفی و میتۆدی بار بەستووە، هەرچی ئەم توێژینەوەی ئێستاشە توێژینەوەیەکی تیۆری شیکارییە.

### 3-2-3 لە ڕووی کۆمەڵگە و جۆری نموونە و قەبارەی نموونە و ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری:

توێژینەوەی هەریەك لە (نبال فوزی محمود، زانا احمد بيرداود) کۆمەڵگەی توێژینەوەیان بەشی چاکسازی مێردمنداڵان بووە، کە نموونەکەشیان بریتیبووە لە مێردمنداڵانی لادەر، قەبارەی نموونەی توێژینەوەی (نبال فوزی محمود)، ژمارەکەیان (39) مێردمنداڵی لادەر بوون، کە بە شێوەی نموونەی مەبەستدار هەڵبژێردرابوون، هەرچی قەبارەی نموونەی توێژینەوەی (زانا احمد پيرداود) ژمارەیان (68) یەکە بووە، لە توێژینەوەی (يحياوى عبدالكريم و سليم شەهين) بەدیارکەوتووە، کە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەیان شاری تبس بووە لە جەزائر، نموونەی توێژینەوەکەیان پێکهاتبوو لە (١٢) مێردمنداڵ بەشێوەی مەبەستدار هەڵبژێردرابوون. سەبارەت بە کۆکردنەوەی زانیاری (نبال فوزی محمود، زانا احمد بيرداود) پشتیان بە چاوپێکەوتن و فۆرمی ڕاپرسی بەستووە، بەڵام ((يحياوى عبدالكريم و سليم شەهين) تەنها پشتیان بە چاوپێکەوتن

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەستووە، بەمەش توێژینەوە پێشووەکان جیاوازن لەگەڵ توێژینەوەی ئێستا بەوەی توێژینەوەیەکی تیۆرییە.

## 4-2-3-لەرووی ئەنجامەکانەوە:

دوای خستنەڕووی ئەنجامی توێژینەوە پێشووەکان، دەردەکەوێت گشتیان ڕۆڵی پشتگوێخستنی خێزانی بە لادانی مێردمنداڵان دەردەخەن، ئەمەش بە کاریگەری شێوازە جۆراوجۆرەکانی پشتگوێخستنی خێزانی، بۆ نموونە لە توێژینەوەی (نبال فوزی محمود) دەرکەوتووە، کاریگەری لاوازی چاودێری و کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاری مێردمنداڵان لەلایەن باوانەوە لە دەرەوەی ماڵ، وە گرنگینەدان بە ناسینی هاوڕێکانیان و پەیوەندی بە لادانی مێردمنداڵانەوە باسکردووە، هەروەها لە ئەنجامەکانی توێژینەوەی (یحیاوی عبدالكريم و سليم شەهين) دەریان خستووە کە پشتگوێخستنی خێزانی بۆ مێردمنداڵان لە ڕووی سۆز و خۆشەویستی پەیوەندی بە لادانیان هەیە،چونکە ئەم جۆرە پشتگوێخستنە کاریگەری نەرێنی لەسەر دەروونی مێردمنداڵان دەبێت ،ناچاریان دەکات پەنا بۆ سەرچاوەی تر ببەن بۆ پڕکردنەوەی ئەم پێداویستییە مەعنەوییانە، وە (زانا احمد بيرداود) لە تویژینەوەکەی خۆی گەیشتە هەمان ئەنجام، هەروەها (یحیاوی عبدالكريم و سليم شەهين) لە توێژینەوەکەیان کاریگەری پشتگوێخستنی تەندروستی مێردمنداڵان لەلایەن باوانەوە خستەڕوو، بەتایبەت لەڕووی دابینەکردنی چارەسەری پێویست لە کاتی نەخۆش کەوتنیان، لە هەمان توێژینەوە ڕۆڵی خەمساردی باوان لە هاندانی مێردمنداڵان بۆ پەیڕەوکردنی بنەمای ئاینی و ئاکاری دروست لەسەر لادانی مێردمنداڵان خراوەتەڕوو، لە هەموو تویژینەوە پێشووەکان جەختیان لەسەر پەیوەندی پشتگوێخستنی باوان لەدابینکردنی پێداویستییە ماددییەکانی وەك (خواردن و خواردنەوەی تەندروست و جلوبەرگی گونجاو و خەرجی ڕۆژانەی پێویست) کردۆتەوە، بەمەش ئەم ئەنجامانە هاوشێوەن لەگەڵ ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی ئێستادا، کە جەخت لەسەر دیاردەی پشتگویخستنی خێزانی بە وێنەی دابیننەکردنی پیداویستییە ماددی و مەعنەوییەکانی مێردمنداڵان بە لادانیان دەکەنەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 4. پشتگوێخستنی خێزانی لەسەر لادانی مێردمنداڵەوە

جەختکردنەوە لەسەر بابەتی ئەرك و مافی مێردمنداڵان و پاراستنیان، سەرەتا وولاتانی ڕۆژهەلات تەنها گرنگییان بە لایەنی توندوتیژی دەدا وەك پێشێلکردنی مافی مێردمنداڵان، هەرچی لایەنی پشتگوێخستنی خێزانی بوو فەرامۆش کرابوو، بەڵام دوای بەدواداچوونی ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا سەبارەت بە ئازاردانی مێردمنداڵ بینرا،کەوا پشتگوێخستنیش یەکێکە لە بابەتەکانی پێشێلکردنی ئەرك و مافی مێردمنداڵان، بەتایبەتی دوای لێکۆڵینەوە لەوەی کە زۆرترین ڕێژەی مردن و لادانی مێردمنداڵان بەهۆی پشتگوێخستنەوە ڕوودەدات (الدخيل، 2002: 2). لە ڕاستیدا ئەمەش زیاتر دوای ئەو لێکۆڵینەوەی کە لەلایەن پزیشکی ئەمریکی "ڕیبوسی" و هاوڕێیانی (Reppucci) لە ساڵی (1997) ئەنجامدرا، دەرکەوت زۆرترین ڕێژەی لەدەستدانی مێردمنداڵان لە ساڵانی (1990-1994) لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەهۆی شێوازی پشتگوێخستنەوە بووە نەك بەهۆی شێوازی ئازاردانی جەستەیی، هەربۆیە لەو کاتەوە زیاتر جەخت کرا کە پشتگوێخستنیش یەکێکە لە شێوازەکانی مامەڵەی نادروستی خێزان (المسحر، 2007: 70).

هەربۆیە ئاماژە کرا بەوەی کە پشتگوێخستن شێوازێکە لە شێوازەکانی پەروەردەی نادروست، کە باوان پەیڕەوی دەکەن لە کاتی پەروەردە و پێگەیاندنی مێردمنداڵ، ئەمەش بە مەبەستی شکستی دایك و باوك لە دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی مێردمنداڵ، وەك خواردن و خواردنەوە و جلوبەرگ و شوێنی حەوانەوە، هەروەها ڕێنماییکردن و چاودێرینەکردنی بەپێی پێویست و بێبەشکردنی لە سۆز و خۆشەویستی، لەگەڵ پاڵپشتنەکردنی لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە دێت، ڕەنگە ئەمەش ببێتە هۆی زیانگەیاندن و ئازاردانی مێرمنداڵ بەهۆی ئەو ڕەفتارە بێباکییانەی کە باوان ئەنجامی دەدەن (اسماعيل، 2001: 270).

هەروەها دەشێت پشتگوێخستنی مێردمنداڵ لەلایەن یەکێك لە باوانیەوە یان هەردووکیان، ببێتەهۆی ئەوەی مێردمنداڵ هەست بە قبووڵنەکردن و ڕەتکردنەوە لەلایەن خێزانیەوە بکات، بەمەش پشێویی دەروونی زیاتر دەبێت، هەر کاتێك ئەم جۆرە ڕەفتارە زیاد بێت یان دووبارە ببێتەوە لەلایەن باوانیەوە، بەتایبەتی لە قۆناغەکانی سەرەتای گەشەکردنیدا، لەوانەیە وابکات

مێردمنداڵ پەنابباتەبەر ڕەفتاری جیاواز بە مەبەستی سەرنجراکێشانی باوانی بۆ پێداویستییە جیاوازەکانی، ئەم جۆرە ڕەفتارانە لەوانەیە پەرە بسێنن و ببنە ئامرازی تۆڵەسەندنەوە لە باوانی، هەربۆیەش دەکرێت جۆرە ڕەفتارێک بنوێنێت کە نیشانەی ڕق و کینە بێت بەرامبەر بە خێزان و کۆمەڵگاکەی. بۆیە لەم باسەدا هەوڵدەدەین باس لە شێوازەکانی پشتگوێخستنی خێزانی و کاریگەرییەکی بکەین، لە ئەویش ئەمانەن:

### 4-1 پشتگوێخستنی جەستەیی:

ئەم شێوازە بە مەبەستی خەمساردی باوان لە دابینکردنی ئەو پێداویستییە سەرەکییانەی کە بۆ جەستەی مێردمنداڵ پێویستن وەك: خواردن و خواردنەوە، جلوبەرگ بە پێی وەرزەکانی ساڵ، شوێنی حەوانەوە دێت (هدى، 1991: 89). دەکرێت زۆرجار ئەم شێوازە بکەوێتە بەرچاو لە کاتی بێبەشکردنی مێردمنداڵ لە خەرجی ڕۆژانە، گوێنەدان بەمانەوە و نووستنی مێردمنداڵ بە بێ خواردن و خواردنەوە بە بەردەوامی، هەروەها ڕێنماییکردن و هاندانی لە پاکڕاگرتنی جەستە و ئەو ژینگەیەی تێدا دەژیت، ڕەنگە زۆرجار مێردمنداڵ بەهۆی پیسییەوە تووشی نەخۆشی درێژخایەن ببێت، یانیش بە واتای پشتگوێخستنی باوان لە دابینکردنی ژینگەیەکی سەلامەت وەك بە گرنگ نەزانینی مەترسی جێهێشتنی مێردمنداڵ بەتەنیا لەماڵەوە دێت، لەوانەیە زۆرجار ئەو جێهێشتنەی بە تەنیا ببێتەهۆی تووشبوونی بە ڕووداو وەك: سووتان و گرتنی کارەبا، یاخود دەستکاریکردنی چەك و چەقۆ و نزیکبوونەوە لە ماددەی ژەهراوی، یانیش هێشتنەوەی بەبرسییەتی بۆ ماوەیەکی زۆر و پێدانی خواردنی کۆن و بەسەرچوو بێت.
هەروەها دەشێت ئەم شێوازە بکەوێتەبەرچاو کاتێك باوان بەهۆی سەرقاڵبوونیان بە ئیش و کار و نەگەڕانەوەیان بۆ ماڵ تا درەنگی شەو، جێهێشتنی مێردمنداڵیان لای جیران و خزمەتکار و لای کەسێك، لەوانەیە جێگەی متمانە نەبێت، ئازاری بدات و دەستدرێژی بکاتە سەری، یانیش چەند ڕەفتارێکی نارەوای پێ ئەنجام بدات، یاخود خستنە دەرەوەی مێردمنداڵ لە ماڵ بە برسییەتی و جلوبەرگی نەشیاو وەك سزایەك لەلایەن باوانەوە، ڕەنگە ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر دەروون و جەستەیەوە هەبێت، وابکات مێردمنداڵ هەست بە ڕەتکردنەوە لەلایەن خێزانەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بکات، هەربۆیەش زۆرجار ئەم هەستە ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ڕەفتاری، دەکرێت بە شێوەی توندوتیژی نیشانی بدات و پەنابات بۆ ئەنجامدانی ڕەفتاری نادروست(بالقاسمي و الفقير، 2018: 18). لە توێژینەوەی "وليد حمادة" بە ناونیشانی (سوء معاملة الأبناء وإهمالهم و علاقته بالتحصيل الدراسي)،کە لە ساڵی(2010) لە دمشق ئەنجامدراوە، دەرکەوتووە زۆرێك لە مێردمنداڵەلادەرەکان بەهۆی بێبەشبوونیان لە پێداویستییە سەرەکییەکان کە بۆ جەستەییان بەسوودە، وایکردووە مەترسی لەسەر ژیان و ڕەفتاریان پەیدابیێت، ببێتە پاڵنەرێك بۆ ئەنجامدانی ڕەفتاری نارەوا (حمادة، 2010: 262). کەواتە ئەم شێوازە یەکێکە لە دیارترین و ئاشکراترین شێوازەکانی پشتگوێخستنی خێزانی، چونکە زۆرجار بە شێوەیەکی دیار لە جلوبەرگ و جەستی مێردمنداڵ دەردەکەوێت، وەك جلی دڕاو و نەشیاو لەگەڵ کەش و هەوا، جەستەی پیس و برسی، یاخود دەست گەیاندن بە خواردن بە بێ شەرم، هەموو ئەمانەش دووبارەبوونەوەی، ڕەنگە کاریگەری لەسەر جەستە و دەروونی مێردمنداڵ هەبێت، تووشی کردەی نابەجێی بکات.

## 4-2-شێوازی پشتگوێخستنی تەندروستی:

ئەم شێوازەش بریتییە لە گرنگینەدان بە تەندروستی مێردمنداڵ لەلایەن باوانەوە، بەتایبەتی لە کاتی نەخۆشکەوتن و دابیننەکردنی دەرمان و چارەسەری پێویست و نەبردنی بۆ لای پزیشك لە کاتی خۆی، یان چارەسەرکردنی بە شێوەیەکی نادروست وەك بەکارهێنانی چارەسەرییە میللییەکان (طب الاعشاب). یاخود پشتگوێخستنی کوتانی لە کاتی تەمەنی منداڵییەوە کە زۆر پێویست بووە بۆ ئەوەی پەیداکردنی بەرگری بەرامبەر زۆرێك لە نەخۆشییەکان، سەرەڕای هەبوونی توانای دارایی بۆ ئەم کارانە. هەروەها ئەم شێوازە بە مانای گوێنەدانی باوانیش بە گرنگینەدان بەکاتی پێدانی چارەسەر بە مێردمنداڵ لە کاتی خۆی، بەتایبەتی ئەوانەی نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە، هەموو ئەمانەش دووبارەبوونەوەی بە بەردەوامی، ڕەنگەکاریگەری نەرێنیان لەسەر دواڕۆژی مێردمنداڵ هەبێت، ژیانی بخاتە مەترسی و زۆرجاریش لەوانەیە ببێتە هۆی مردنی، بەتایبەتی لە قۆناغی سەرەتایی تەمەنی، دەشێت زۆرجار کاریگەرییەکەی بگاتە ئەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاستە مێردمنداڵ هانبدات بۆ تۆڵەسەندنەوە لە خێزان، بەتایبەتی ئەوانەی بەهۆی فەرامۆشکردنەوە لەلایەن باوانەوە تووشی نەخۆشی و لەدەستدانی ئەندامێکی جەستە، یاخود ئەوانەی تووشی ناتەواوی دەروونی و عەقڵی دەبن (بوقري، 2010: 58).

لەلایەکی ترەوە دەتوانرێت تیشك بخرێتەسەر ئەم شێوازە، لە کاتی فەرامۆشکردنی ئەرکی ئامۆژگاریکردنی مێردمنداڵ بۆ گرنگیدان بە پاکوخاوێنی جەستە و تەندروستی ددانەکانی و چۆنیەتیی خۆپاراستن لە خواردن و خواردنەوە ناتەندروستەکان و دوورکەوتنەوە لە خواردنەخێراکان و زیانبەخشەکان، هەروەها خەمساردی لە پەیڕەوکردنی ئەو ڕێنماییانەی کە لەلایەن تیمە تەندروستییەکان بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشی بڵاودەکرێنەوە، کە هەموو ئەمانە بە ئەرکی باوان لە ڕێنماییکردن و چاودێریکردنی تەندروستی مێردمنداڵ و پاراستنی لە نەخۆشی دادەنرێت، بۆیە زۆرجار پشتگوێخستنی ئەمانە کاریگەرییان لەسەر تەندروست و جەستەی مێردمنداڵ دەبێت، دەشێت ببێتە هەستکردن بە کەمی و ڕەتکردنەوە لەلایەن مێردمنداڵ، لەوانەیە مێردمنداڵ بۆ بەتاڵکردنەوەی ئەم هەستانە پەنابات بۆ ڕەفتاری ناڕەوا (سناء، 2010: 206).

دەتوانین بڵێین باوان ڕۆڵێکی سەرەکییان لە گرنگیدان بە لایەنی تەندروستی مێردمنداڵەوە هەیە، دەکرێت ئەمەش لە ڕێگەی دابینکردنی کەشوهەوایەکی تەندروست بۆی تاکو بتوانێت بە شێوەیەکی تەندروست بژیت، دەشێت زۆرجار باوان فەرامۆشی ئەم ئەرکانە بکەن وەك خەمساردی لە پێشکەشکردنی خواردن و خواردنەوەی تەندروست و گوێنەدان بە هاندانی لە پاکراگرتنی جەستەی، هەروەها گوێنەدان بە ڕێنماییە تەندروستییەکان کە لەلایەن کەرتە تەندروستییەکانەوە جەختیان لەسەر دەکرێتەوە، پشتگوێخستنی هەموو ئەمانەش کاریگەری خراپی لەسەر جەستەی مێردمنداڵەوە دەبێت، لە ئەنجامدا کاریگەری نەرێنی لەسەر چالاکی و ڕەفتارەکانی دەبێت، وای لێ دەکات نەتوانێ بە شێوەیەکی دروست بە ڕۆڵەکانی هەستێ.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 4-3-پشتگوێخستنی ژینگەیی:

ئەم جۆرە بە مانای کەمتەرخەمی باوان لە دابینکردنی ژینگەیەکی تەندروست و سەلامەت، گەڕەکێکی شیاو بۆ مێردمنداڵ دێت، چونکە زۆرجار دەکرێت ئەو گەڕەکەی کە لێی نیشتەجێ دەبن، گەڕەکێکی مەترسیدار بێت، بەتایبەتی ئەگەر هاتوو کەسانێکی تێدا بێت، بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەر و سڕکەر بن، یاخود ساختەکار و لادەربن، ڕەنگە کاریگەری خراپیان لەسەر مێردمنداڵ لە کاتی هاوڕێیەتیکردن و تێکەڵبوون لەگەڵیان هەبێت و وابکات تووشی ڕەفتاری لادەری بکەن. یاخود زۆرجاریش ئەم شێوازە پشتگوێخستنە بە دەردەکەوێت، لە کاتی لەبارنەبوونی ژینگە لە ڕووی تەندروستی و خراپی خزمەتگوزارییەکۆمەڵایەتییەکان و تەسکی کۆڵان و شەقامەکان، کەمی یان نەبوونی باخچە و پارك کە پێویستن بۆ کاتبەسەربردنی مێردمنداڵ، ڕەنگە ئەمەش کاریگەری لەسەر دەروونی مێردمنداڵ هەبێت، ببێتەهۆی هەستکردن بە بێزاری و ناچاری بکات پەنا بۆ ژینگەی دەرەوە ببات، لەوانەیە ئەمەش ببێتە سەرچاوەیێك بۆ نزیکبوونەوە لە بازنەی لادان (جابر، 2021: 9). دەتوانین بڵێین گوێنەدانی باوان لە دابینکردنی خانووی باش و گەڕەکی شیاو بۆ نیشتەجێبوون، بە یەکێك لە شێوازە هەرە گرنگەکانی پشتگوێخستنی خێزانی بۆ مێردمنداڵ دابنرێت، چونکە نەگونجانی جۆری خانوو لە ڕووی تەندروستی و خۆشگوزەرانی، گەڕەکی خراپ و مەترسیدار، ڕەنگە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری مێردمنداڵ هەبێت، ببێتە پاڵنەرێکی بەهێز بۆ پاڵنانی مێردمنداڵ بەرەو ڕەفتاری لادەری و نایاسایی.

## 4-4-پشتگوێخستنی سۆزداری و دەروونی:

ئەم جۆرە پشتگوێخستنە شێوازێکی زۆر باوە، ڕەنگە بە شێوەیەك بێت، لە زۆربەی خێزانەکاندا بەرچاو بکەوێت، ئەمەش بە واتای ئەوەی ژمارەیەکی بەرچاوی باوان مێردمنداڵەکەیان بێبەش دەکەن، لە سۆز و خۆشەویستی و پاڵپشتی دەروونی و کۆمەڵایەتی، کە بۆ گەشەکردن و دروستکردنی متمانەبەخۆبوون و کارلێکی کۆمەڵایەتی و مامەڵەی لەگەڵ خەڵك پێویستە، دەشێت ئەمەش بەهۆی چەندین هۆکارەوە بێت (گینات، 2011: 282). هاوکات پشتگوێخستنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سۆزداری و دەروونی بە واتای شکستهێنانی باوان لە دابینکردنی پێداویستییە دەروونی و سۆزدارییەکانی مێردمنداڵ، وەك بێبەشکردنی لە پێویستی بەخشینی سۆز و خۆشەویستی و رێز و پێزانین و دابینکردنی ئاسایش و ئارامی و سەقامگیری دەروونی دێت. هەروەها ئەم شێوازە خۆی نیشان دەدات لە کاتی دەرگا بەڕووکردنەوەی مێردمنداڵ بە دیتنی دۆخە نەرێنییەکانی خێزان، وەک ڕێگەدان بە بینینی شەڕ و دەمەقاڵێ و جنێودانی نێوان دایک و باوك، هەروەها گوێنەدان باوان بە دیتنی مێردمنداڵی، لە کاتی بەکارهێنانی مادە هۆشبەر و ئەلکحول و جگەرەکێشان، ڕێگەدانی بە بەکارهێنانی ئەم ماددانە، یانیش کەمی دەربڕینی سۆزی جەستەیی وەك باوەشپێداگرتن و ماچکردن و دەستبەسەرداهێنان و نەوتنی وشەی "من خۆشم دەوێیت" کە بۆ ئارامبوونەوەی دەروونی مێردمنداڵ بەسوودە، ڕەنگە ئەمانەش کاریگەری نەرێنیان لەسەر دەروونی مێردمنداڵ هەبێت، وابکات مێردمنداڵ هەست بە بێ ڕێزی و بێ نرخی خۆی بکات لە خێزان، کە ئەمەش وادەکات مێردمنداڵ نەتوانێت ڕووبەڕووی کێشەکانی ببێتەوە، بەشێوەیەکی دروست کارلێك لەگەڵ دەوروبەری بکات، ڕەنگە ئەمانەش مێردمنداڵ هانبدەن بۆ بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر و گرتنەبەری ڕێگەی نارەوا(اسماعیل، 2001: 272).

لەلایەکی تریشەوە ئەم شێوازە دیتەکایەوە کاتێك باوان کەمتەرخەمی دەنوێنن لە وەڵامدانەوەی مێردمنداڵ بۆ یارمەتیدان و دڵنەوایيدانەوەیو، پێشکەشکردنی وشەیەك بۆ دامرکاندنەوەی هەستی بێزاری و نارەحەتییەی کە بەهۆی گرفتێك لەلای دروست بووە.

هەندێکجاریش بەو حاڵەتە دەوترێت پشتگوێخستنی سۆزداری و دەروونی، کاتێك باوان خۆیان بە دووردەگرن لە گوێگرتنی مێردمنداڵ بۆ باسکردنی چۆنیەتی کاتبەسەربردنی لە دەرەوەی خێزان و ژینگەی قوتابخانە و ناو هاوڕێیان، چونکە زۆرجار مێردمنداڵ حەز ئەکات، باس لەو چالاکی و جموجووڵانە بکات کە ڕۆژانە ئەنجامی دەدات وەك دەربڕینێك بۆ ئەو هەستە خۆش و ناخۆشانەی کە لەلایەوە دروست دەبێت (المسحر، 2007: 77). هەربۆیەش دەروونشیکاری ئەڵمانی هۆرنی(1885-1952)، پیی وابوو پشتگوێخستنی دەروونی و سۆزداری مێردمنداڵ لەلایەن باوانەوە، بە واتای بێبەشبوونی مێردمنداڵ لە سۆز و خۆشەویستی و هەستنەکردن بە ئارامی دەروونی و ڕەتکردنەوەی خێزانی دێت، ئەمەش سەرەنجام دەبێتەهۆی هاندانی

مێردمنداڵ بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی جیاواز بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەستە گۆشەگیرییە و بێدەسەلاتییەی کە هەیەتی، بۆیە دەکرێت ببێتە کەسێکی توندوتیژ و هەوڵی تۆڵەسەندنەوە لەوانەی پشتگوێیان خستووە یان بە توندوتیژی مامەڵەیان لەگەڵ کردووە بدات (علي، 1998: 56).

دەکرێت بڵێین ئەم جۆرە بە یەکێک لە مەترسیدارترین جۆرەکانی پشتگوێخستن دابنرێت، چونکە پاڵپشتی سۆزداری و خۆشەویستی ڕۆڵێکی گەورەی لە دروستکردنی هەستی متمانەبەخۆبوون و بەرپرسیاریەتی لەلایەن مێردمنداڵ هەیە، کە ئەمەش کاریگەری ئەرێنی لە چۆنیەتی بەستنی پەیوەندی و کارلێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کەسانی دەوروبەرییەوە دەبێت، هەربۆیەش پشتگویخستنی لایەنی سۆزداری و دەروونی مێردمنداڵ، ڕەنگە ببێتەهۆی دروستکردنی تاکێکی ناکۆمەڵایەتی و دژ بە یاسا و ڕێساکانی کۆمەڵگە.

**4-5-شێوازی پشتگوێخستنی پەروەردەیی**:-ئەم جۆرە بەواتای دابیننەکردنی دەرفەتی خوێندن و ناوتۆمارنەکردنی مێردمنداڵ لەو کاتەی کە پێویست بووە بۆ چوونە قوتابخانە بەبێ هیچ هۆیەك دێت، یاخود هاننەدانی بۆ خوێندن و بە گرنگ نەزانینی بەهای خوێندن و فێربوون، هەروەها بەدواداچووننەکردنی باوان لە زانینی هۆی ڕاکردنی مێردمنداڵ لە قوتابخانە و ئەنجامنەدانی ئەرکەکانی قوتابخانە و سەرنەکەوتن لە تاقیکردنەوەکان، یاخود لێنەپرسینەوە لە دواکەوتنی بۆ قوتابخانە و گەڕانەوەی بۆ ماڵ (آل سعود، 2005: 64). یاخود بە واتای خەمساردی باوان لە دەستەبەرکردنی پێداویستییەسەرەکییەکانی خوێندن و بەدوادانەچوونی بەردەوام لە چۆنیەتی بارودۆخی مێردمنداڵ لە قوتابخانە و ئامادەنەبوونی باوان لە کۆبوونەوەکان کە لەلایەن ستافی قوتابخانەوە ڕێك دەخرێت دێت، یانیش بە مانای گرنگینەدانی باوان بە پڕۆگرامە فێرکاری و چالاکییە پەروەردەییەکان کە یارمەتی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی مێردمنداڵ دەدەن بێت، بەتایبەتی ئەگەر هاتوو کێشە و گرفتی لە ڕووی خوێندن هەبێت، ڕەنگە ئەمەش ببێتەهۆی نزمبوونەوەی ئاستی زانستی مێردمنداڵ و دووركەوتنەوە لە خوێندن و بێبەشبوونی لە بەدەستهێنانی ئەو کارامەییە فێرکارییانەی کە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زانستی پێویستن و دووری دەخەنەوە لە پەنابردن بۆ جێهێشتنی قوتابخانە و ئەنجامدانی ڕەفتارە لادەری(بن بعيط و بوحاجب، 2022: 47).

بێگومان پشتگوێخستنی پەروەردەیی مێردمنداڵ لەلایەن باوانەوە، بە یەکێك لە پێشێلکردنی مافەکانی مێردمنداڵ هەژمار دەکرێت، چونکە بێبەشکردنی لە خوێندن ، هێشتنەوەی بە نەخوێندەواری و پاڵپشتنەکردنی بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە کە بە ناهەقییەکی زۆر بەرامبەر مێردمنداڵ دادەنرێت، بەتایبەتی کاتێك باوان توانای جێبەجێکردنیان هەبێت، ڕەنگە لە دوارۆژدا بە شێوەیەکی ئاشکرا کاریگەریەکەی دەربکەوێت، وەك شکست لە خوێندن و دوورکەوتنەوە لە فێربوون، کە ئەمەش بە هۆکارێکی لادانی مێردمنداڵ هەژمار دەکرێت.

### 4-6-شێوازی پشتگوێخستنی چاودێریکردنی بەردەوام و کۆنترۆڵکردن:

بە یەکێك لە کاریگەرترین شێوازەکانی پشتگوێخستنی خێزانی دادەنرێت، بەگوێرەی ئەوەی کە بە ڕێگەخۆشکەری لادانی مێردمنداڵ دادەنرێت. ئەمەش بە مانای چاودێرینەکردنی مێردمنداڵ لەلایەن باوانەوە بەگوێرەی پێویست دێت، هەروەها گوێنەدان بە دەستەبەرکردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ مێردمنداڵ کە دوور بێت لە هەموو مەترسییەکان، کە کاریگەریان لەسەر گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و دەروونی مێردمنداڵەوە هەیە (جابر، 2021: 8). یاخود ئەم شێوازە خۆی دەبینێتەوە لە لاوازی کۆنترۆڵکردن و چاودێری مێردمنداڵ لەلایەن باوانەوە، بە واتای ئەوەی کەوا باوان خەمساردن لە چاودێریکردنی مێردمنداڵ لە چۆنیەتی کاتبەسەربردن لە دەرەوەی ژینگەی خێزان وەك ژینگەی هاوڕێیان و شوێنی کار، یانیش گرنگینەدان بە ناسینی هاوڕێکانی، یاخود گوێنەدان بە مەترسییەکانی جێهێشتنی مێردمنداڵ لە ژێر چاودێری کەسێکدا، ڕەنگە کەسێکی لادەر و مەترسیدار بێت، وەك ئەوانەی لە ژێر کاریگەری بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر و ئەلکحوڵدان، یانیش بە خەمنەزانینی جێهێشتنی لەگەڵ مێردمنداڵێکی دیکە کە لە خۆی گەورەتر بێت، چونکە زۆرجار دووچاری تێوەگلاندنی بە کێشە و گیروگرفت یان دەستدرێژی سێکسی دەبێتەوە، ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر مێردمنداڵ دەبێتەوە، لەوانەیە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە دواڕۆژ ببێتەهۆی ئەنجامدانی لادان وەك تۆڵەسەندنەوەیەك لەلایەن ئەو کەسەی دەستدرێژی کردۆتەسەری(ایبراهیم و نبیل، 2022: 27).

هەروەها ئەم شێوازە پشتگوێخستنە بەدەردەکەوێت لە کاتی فەرامۆشکردنی ئەرکی دابینکردنی ئامرازەکانی خۆشگوزەرانی بۆ مێردمنداڵ، بۆ ئەوەی بتوانێت زۆرترین کاتەکانی لە ماڵەوە بەسەر ببات و دوور بکەوێتەوە لە شەقام و شوێنە مەترسیدارییەکان، چونکە بەم هۆیەوە باوان زیاتر توانی کۆنترۆڵکردن و چاودێریکردنیان بۆ میردمنداڵانیان دەبێت (الدوري، 1984: 298). یاخود ئەم شێوازە خۆی نیشاندەدات کاتێك باوان بێباکن لە چاودێریکردنی مێردمنداڵ لە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها گوێنەدان بە ڕێنماییکردنی لە چۆنیەتی بەکارهێنانیان بە شێوەیەکی دروست، بۆیە زۆربەی مێردمنداڵان دوای سەربەستکردنیان، هەوڵ دەدەن بە ئارەزووی خۆیان مامەڵە لەگەڵ ئەمانە بکەن بەبێ هەستکردن بەو ئاسەوارە نەرێنییانەی کە بەدوای خۆیەوە دەهێنێت، ڕەنگە ئەمەش ببێتەهۆی ناسینی کەسانی خراپ و لادەر و تووشبوونی بە ڕەفتاری ناڕەوا و نەشیاو (سمية، 2006: 54). لەهەمان کاتدا ئەم شێوازە خۆی دەبینێتەوە لە پشتگوێخستنی ڕێنمایی و پاڵپشتکردنی مێردمنداڵ، لە بەهێزکردنی هەستی ئینتمای بۆ بەها و ڕێسا ئەخلاقییەکانی و بنەما ئایینیەکانی کۆمەڵگە، تاکو بتوانێت لەسەر ئەم بنەمایە ڕەفتار و کردارەکانی ڕێك بخات و کارلێك لەگەڵ کەسانی دەوروبەرییەوە بکات و ڕەفتاری پەسەندکراو و پەسەندنەکراو لەلایەن کۆمەڵگەوە جیابکاتەوە، بۆیە پشتگوێخستنی ئەم ئەرکە لەلایەن باوانەوە بەرامبەر مێردمنداڵ، دەشێت کاریگەری خراپی لەسەر ڕەفتار و بیرکردنەوەی هەبێت، وابکات مێردمنداڵ سەرکەوتوو نەبێت لە دروستکردنی پەیوەندی و کارلێکی لەگەڵ ژینگەی دەوروبەری، ببێتەهۆی دوورکەوتنەوەی لە ڕەفتار و ئاکاری باش و گوێنەدان بە بەهای ڕاست و دروست،دەکرێت ئەمەش ببێتە ڕێگەخۆشکەر بۆ مێردمنداڵ تاکو بە ئاسانی ڕەفتاری لادەری ئەنجامبدات (قيصر، 2015: 288-289).

سەبارەت بەم شێوازە بە شێوازێکی کاریگەر دادەنرێت، چونکە ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی خێزان بە سەرچاوەیەکی سەرەکی دادەنرێن بۆ گونجاندنی ڕەفتاری مێردمنداڵ لەگەڵ بەها و بنەما

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئایینی و ڕێسا ئاکارییەکانی کۆمەڵگە و کارلێککردنی لەگەڵ کەسانی دەورووبەر و گونجان لەگەڵیان، کە مێردمنداڵ بەهۆیەوە دەبێتە کەسێکی کۆمەڵایەتی و قبووڵکراو، بەڵام ڕەنگە هەندێکجار خێزان بەهۆی چەند هۆکارێکەوە نەتوانێت یاخود کەمتەرخەم دەبێت لە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکانەی، دەشێت ئەمەش ببێتە هۆکارێك بۆ نزیکبوونەوەی مێردمنداڵ لە بازنەی لادان.

## 5: باکگراوندی تیۆری شێوازەکانی پەراوێزی خێزانی

**5-1--تیۆری نائومێدی– (Frustration Theory)** ئەم تیۆرە یەکێکە لە تیۆرە بەناوبانگەکانی شیکردنەوەی ڕەفتاری لادەری، لە ساڵی(1939) لەسەر دەستی چەند زانایەك خراوەتەڕوو، بە دیاریکراویش لەلایەن زانایان جۆن دۆلارد (1900-1980)، نیل میللر(1909-2002)، روبرت سیزر(1908-1986). ئەم زانایانە لەم تیۆرە سەرنجیان خستۆتە سەر لایەنی کۆمەڵایەتی ڕەفتاری مرۆڤەکان، هەروەها بە پێی ئەم تیۆرە وا گریمانە دەکرێت کە نائومێدی ڕۆڵی لە پەرەپێدانی ڕەفتاری لادەری هەیە، دەڵێن ئەو ڕەفتارە لادەریەی کە مێردمنداڵ ئەنجامی دەدات، دەرئەنجامی ئەو نائومێدیەیە کە لە ژیانیدا ئەزموونی دەکات، تا مێردمنداڵ نائومێدتر بێت بۆ گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکان، زیاتر ئامادە دەبێت بۆ لادان، چونکە یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی نائومێدی، بێتواناییە لە گەیشتن بە حەز و ئارەزووەکانی ( ابو عليان، 2016:59). لەم ڕوانگەیەوە دۆلاردو هاوکارانی پێیان وابوو کە پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەنێوان نائومێدی و ڕەفتاری لادەری هەیە، واتە بابەتی سەرەکی تیۆرەکە تیشك خستنەسەر نائومێدی وەك پاڵنەر، ڕەفتاری لادەریش وەك دەرەنجامی نائومێدییەکەیە (عمارة، 2008: 46).

دواتر ئەم زانایانە لە میانەی شیکردنەوەیان ئاماژەیان بەوە کرد کە پلەی پاڵنەر بۆ ڕەفتاری لادەری، واتە چڕی پاڵنەرە لادانەکە، ڕاستەوخۆ لەگەڵ پلەی بەدی نەهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکاندا دەگۆڕێت، تا گرنگی ئەو ئامانجەی کە پووچەڵ دەکرێتەوە لەگەڵ پلەی ڕێگریکردن لە بەدەستهێنانی و ژمارەی وەڵامە بەربەستەکان زیاتر بێت، پلە بۆ ئەنجامدانی ڕەفتاری لادان زیاتر دەبێت، بەمەش ڕەنگە کاریگەرییەکانی نائومێدییە یەک لە دوای یەکەکان

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە تێپەڕبوونی کات کۆببنەوە بە جۆرێک یەکبگرن و وەڵامێکی لادان بەرهەم بهێنن، کە هیچ ئەزموونێک بە تەنیا ناتوانێت بەرهەمی بهێنێت. ئەم گریمانەیە بەو مانایەیە کە کاریگەری ڕووداوە بێزارکەرەکان بەردەوامە، وەك گریمانەیەک کە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە زۆر لایەنی ئەم تیۆرییەدا (اسماعیل، 1988:54). جەوهەری ئەم تیۆرەش خۆی لەم چەند خاڵەدا دەبینێتەوە:

1-زۆربەی نائومێدبوون لەلایەن مێردمنداڵ بەئەگەری زۆرەوە کاردانەوەی لادانی لێ دەکەوێتەوە.

2-گریمانەی ئەوە دەکرێت پێش هەموو ڕەفتارێکی لادەری لەلایەن مێردمنداڵ، لەوانەیە نائومێدبوونێك هەبووبێت، لە دیدی زانایانی ئەم تیۆرە لادان وەڵامدانەوەیەکی ڕاستەخۆی بارودۆخێکی نائومێدبوونە (العرب، 2011: 1768). هاوکات پێیان وابوو ئەم نائومێدییەش لە ئەنجامی فشاری بەردەوام لە ژینگەی خێزان و دەرەوەی خێزان دروست ببێت، یاخود دەشێت بە هۆی پەیرەوکردنی شێوازی پشتگوێخستن لە پەروەردەکردن و مامەڵەکردن بێت، بەتایبەتی کاتێك مێردمنداڵ هەست بە خودی خۆیی و داواکارییەکانی دەکات، بەڵام بێباکی دەبینێت لە خێزان لە جێبەجێکردنی داواکارییەکانی و تێرکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی لەڕووی ماددی و مەعنەوی، هەروەها پاداشت و ستایشنەکردنی کاتێک ڕەفتارێکی دروست بە ئەنجام دەگەیەنێت، یان پاڵپشتنەکردنی لە گەیشتن بە حەزو ئارەزووەکانی وە بێبەشبوونی لە سۆز و خۆشەویستی باوانی، ئەمەش گرنگترین هۆکارە بۆ هەستکردن بە بێ بایەخی لەلایەن مێردمنداڵ. سەرەڕای ئەم هۆکارانە کاتێك ئاستەنگ لەبەردەم مێردمنداڵ بۆ بەدیهێنانی ئامانج و ئارەزووەکان دروست دەبێت، دەبێتەهۆی نائومێدی، سەرئەنجام نائومێدی وەك پاڵنەر ڕەفتاری لادەریش وەك وەڵامدانەوە دروست دەبێت (فتحي، 2010 :22).

لە هەمان کاتیشدا دۆلارد و هاوکارانی تیشکیان خستەسەر ئەوەی کە زۆرجار ئەو مێردمنداڵەی دووچاری نائومێدی دەبێتەوە، لە دابینکردنی پێداویستی و داواکارییەکانی، یاخود پاڵپشتنەکردنی لە گەیشتن بە ئاواتەکانی لەلایەن باوانیەوە، کاتێك ناتوانێت وەڵامدانەوە ڕاستەوخۆیەکەی واتە ڕەفتارە لادەریەکەی بەرامبەر سەرچاوەی سەرەکی نائومێدییەکە بنوێنێ،

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەر بۆیە زۆرجار لە دەرەوەی ژینگەی خێزانی بەتاڵی دەکاتەوە، یان هەندێ جار لە ناخی خۆیدا دەیهێڵێتەوە (الطاهيري، 2021:34). یاخود هەندێجاریش بە شێوەی ڕقلێبوونەوە یان رەخنەگرتن لە خودی خۆیدا بەڕووی هەڵدەگەرێتەوە، ئەمەش لە دوو حاڵەتدا روودەدات: یەکێکیان کاتێك وا هەست بکات خۆی بەرپرسیاری سەرچاوەی بنەڕەتی نائومێدییەکە نەك کەسێکی دەرەکی، دووەمیشیان نەزانینی هۆکاری نائومێدیەکە (دولارد،1986: 39). بۆیە لایەنگرانی ئەم تیۆرە گریمانەی ئەوەیان کرد ئەو مێردمنداڵەی کە خۆی بە سەرچاوەی نائومێدیەکە دەزانێت، ڕەنگە سەرزەنشتی خۆی بکات، هۆکارەکەشی بۆ شێوازی پەروەردەی خێزانی دەگەرێتەوە، وەك شێوازەکانی سەرزەنشتکردن و جیکاری و پشتگوێخستن و توندوتیژی (مختار،1999: 39).بەهەمان شێوە زانایان ئاماژەیان بەوەکردەوە،کە نائومێدی هەستێکی تاکە کەسیە، کاتێک ڕوودەدات کە مێردمنداڵ ڕووبەڕووی گرنگیپێنەدان دەبێتەوە لەلایەن حێزانیەوە و ناتوانێت بە هۆیەوە بگاتە ئامانجەکەی، ئەمەش دەبێتە هۆی نائومێدی و دواتر تووڕەبوون، تووڕەبوونیش وا لە مێردمنداڵ دەکات کە ئامادەسازبێت بۆ لادان. هەروەک تیۆرەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە نائومێدی، خولیایەکی لادەری بەرهەم دەهێنێت کە دواتر بە ئازاردانی کەسانی بەرامبەر کۆتایی دێت، ئەم بارودۆخەش کاتێک لاواز دەبێت کە زیان بە کەسێک دەگەینێت، پرۆسەکە پێی دەوترێت خۆبەتاڵکردنەوە (فاید،2007 31).

دوای خستنەڕووی ئاراستە تیۆرییەکانی (جۆن دۆلارد و هاوکارانی) لە تیۆرەکەیان، سەبارەت بە کاریگەری نائومێدی و پەیوەندی بە بابەتی توێژینەوەکەمان لەسەر(کاریگەری شێوازەکانی پشتگوێخستنی خێزانی لەسەر لادانی مێردمنداڵەوە)، دەتوانین بڵێین پەیرەوکردنی شێوازی هەڵە لە پەروەردەکردن لەلایەن باوانەوە بەتایبەتی شێوازی پەروەردەی (پشتگوێخستن)، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لەسەر دروستبوونی نائومێدی لەلای مێردمنداڵ لە گەیشتن بە حەزو ئارەزووە ماددی و مەعنەویەکان هەیە، بەتایبەتی دوای هەستکردنی بە خودی خۆی و داواکارییەکانی بایەخپێنەدانی ئەم داواکارییانە لەلایەن باوانەوە کە ئەرکی سەرشانیانە لە جێبەجێکردنی، هەروەها هەست کردنی مێردمنداڵ لە پاڵپشتنەکردن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی و دابیننەکردنی پێداویستییە سەرەکیەکانی، لەگەڵ کەمی پشتیوانی سۆزداری و

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵایەتی، سەرەنجام ئەمانە دەبنەهۆی بەربەست لەبەردەم بەدیهێنانی حەزو ئارەزووەکانی و دروست بوونی نائومێدی، ڕەنگە ئەم نائومێدییەش ببێتە پاڵنەرێکی بە هێز بۆ ئەنجامدانی ڕەفتاری لادەری لەلایەن مێردمنداڵ.

تیۆری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی-(Control Theory).زاناکانی تیۆری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بە پشتبەستن بە تیۆری ئەنۆمی دورکایم، تیۆری خۆیان پێشکەش کرد، پێیان وابوو ڕەفتاری لادەری لە ئەنجامی لاوازی و پچڕانی پەیوەندی و وابەستەیی مێردمنداڵ بە یاسا و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگاوە دروست دەبێت، ئەمەش بەهۆی لاوازی و تێکچوونی کۆنترۆڵ و چاودێری کۆمەڵایەتییەوەیە (بلعید، 2020:67). بۆیە لە شیکردنەوەی لادان بە گشتی ئاماژەیان بە شکستهێنانی شێوازەکانی پەروەردە و ڕێگاکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی کرد، پێیان وابوو ئەگەر مێردمنداڵ بە شێوەیەکی تەندروست لە لایەن خێزانەوە پەروەردە نەکرێت و پشتگوێ بخرێت، توانی کۆنترۆڵکردنیشی لاواز دەبێت، ئەو کات بە ئارەزووی خۆی ڕەفتار دەکات، بۆیە گرنگترین ڕێگە بۆ کۆنترۆڵکردنی مێردمنداڵ پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیکردنە، کە مێردمنداڵ پابەند دەکات بە یاسا و پێوەرەکان، ئەمەش لە ڕێگەی ڕێکخستنی نافەرمی دەبێت وەك خێزان، یاخود لە ڕێگەی ڕێکخستنی فەرمی وەك قوتابخانەوە و دەزگاکانی تری کۆمەڵگاوە دەبێت (شهرزاد، 2020:58).

بێگومان زۆرێك لە زانایان گریمانەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتییان وەرگرتووە، لەوانەش تراڤیس هیرشی (1935-2017)، کە بە یەکێك لە گرنگترین تیۆرڤانە کلاسیکەکان دادەنرێت کە شوێن پەنجەکانی لە زانستی تاواناسیدا دیارە. هیرشی تیۆرەکەی بۆ یەکەمجار لە پەرتووکی "هۆکارەکانی لادان" لە ساڵی (1969)خستەڕوو، دواتر لە نووسینەکانی دیکەیدا زیاتر پەرەیپێدا. هیرشی وا گریمانەی دەکرد ڕەفتاری لادەرانە کاتێك سەرهەڵدەدەن کە پەیوەندیی مێردمنداڵ بە کۆمەڵگە و سیستەمی نەریتی و پێوەرەکان لاواز دەبێت و تێکدەکشێت، ئەمەش بە هۆی نەمان و لاوازی کۆنترۆڵی خێزان و سیستەمەکانی تری کۆمەڵگایە، کە دەبێتە هۆی ئازادبوونی مێردمنداڵ لە ڕەفتار، سەرئەنجام لەلادان نزیك دەبێتەوە. بۆیە هیرشی جەختیشی

بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەسەر ئەوە کردەوە کە هەر کاتێك سوود و قازانجی لادان زیاتربێت لە سزا، ئەنجامدانیشی زیاتر دەبێت لەلایەن مێردمنداڵ بەهۆی نەمانی ترسی لە سزا( 16 :1969 ،Hirschi).

هیرشی دوای لێکۆڵینەوەی لە هۆکارەکانی لادان بەو ئەنجامە گەیشت کە بەهێزی و پتەوی پەیوەندی مێردمنداڵ بە شێوەیەکی ئەرێنی بە کەسانی دەوروبەریەوە لە (ژینگەی خێزان، هاوڕێیان، ژینگەی کۆمەڵایەتی)، دەبێتە گەورەترین ئاستەنگ لەبەردەم ئەنجامدانی لادان، چونکە ئەمانە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە پەیوەستکردن و پابەندکردنی مێردمنداڵ بە یاسا و پێوەرەکانی کۆمەڵگا، بەتایبەتی پەیوەندی مێردمنداڵ بە باوانیەوە ( النجداوي، 2015: 1494).

هیرشی پێیوابوو هەرچەند ئەم پەیوەندیە پتەوبێت بە تایبەتی پەیوەندی سۆزداری، ئەوە دەرفەتی لادان کەمتردەبێت، بەتایبەت لە کاتێکدا کە دایك و باوك بە شێوەیێکی گونجاو ڕێنمایی پێشکەش بە مێردمنداڵ دەکەن بۆ ڕەچاوکردنی یاسا و پێوەرەکان لە کاتی ئەنجامدانی ڕەفتار، بەمەش توانای کۆنترۆڵکردنی باوان بۆ چالاکییەکانی مێردمنداڵەکانیان بەهێزدەبێت، بەڵام لە کاتێکدا ئەو خێزانانەی کە تووشی لێکترازان دەبن، واتە یەکێك لە باوان یان هەردووکیان بوونیان نامینێت لە خێزان ڕەنگە بەهۆی (مردن، جیابوونەوە، کۆچکردن بۆ دەرەوەی وولات، بەندکردن) بێت، ئەوە زیاتر پەنا بۆ بەکارهێنانی شێوازی پەروەردەی نادروست و فەرامۆشکردن دەبەن، ئەمەش وایان لێ دەکات نەتوانن بە شێوەیەکی پێویست ئەرکەکانیان جیبەجێ بکەن، هەبۆیەش زۆرجار دەبێتەهۆی پشتگوێخستنی ڕۆڵەکانیان بەرامبەر مێردمنداڵ، ڕەنگە ئەمەش دەرفەتی لادان بۆ مێردمنداڵ زیاتر ببێت، چونکە ئەم خێزانانە شکست دەهێنن لە ئەرکی کۆنترۆڵکردنی مێردمنداڵیان، بەهۆی لاوازی پەیوەندی و پشتگوێخستنی ئەرکی ڕێنماییکردنی مێردمنداڵ لە پابەندبوون بە یاسا و پێوەرەکانی کۆمەڵگە، هەروەها کەمتەرخەمی لە پشتیوانی کردنی لە ڕووی سۆز و کۆمەڵایەتیەوە، ڕەنگە کاریگەری خراپی لە چۆنیەتی بەستنی پەیوەندی بە شێوەییکی دروست لەگەڵ ئەندامانی خێزان و ژینگەی دەرەوەی خێزان هەبێت، سەرئەنجام ئەمەش دەبێتە هۆی زەمینەیەکی لەبار بۆ ئەنجامدانی لادان لەلایەن مێردمنداڵ(هیرشی، 1989: 95). بۆ ئەم مەبەستە (هیرشی) سێ پەیوەستی نێوان مێردمنداڵ و کۆمەڵگەی دیاری کردووە کە ئەوانیش:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1-ئینتما و وابەستەیی: بە گرنگترین توخمی کۆنترۆڵ دادەنرێت، هێزی پەیوەستییە، کە مێردمنداڵ دەبەستێتەوە بە خەڵک و سیستەمەکانی کۆمەڵگە، هەرچەند ئەم پەیوەستییە بەهێزبێت، کۆنترۆڵکردنی ئاسانتر دەبێت، و ئەگەری لادانی کەمتردەبێت، چونکە بەهێزی ئەم پەیوەستییە وا لە مێردمنداڵ دەکات کە ڕێز لەو کەسانە بگریت کە خۆشیانی دەوێت، دووربێت لە ئەنجامدانی ئەو ڕەفتارانەی کە زیانیان پێدەگەیێنێت، ئەمەش ڕەنگدانەوەی دەبێت لە بە بەرز نرخاندنی یاسا و پێوەرەکانی کۆمەڵگا(الوريكات، 2008: 216). ئەم پەیوەستیەش پێویستی بە پاڵپشتی پەروەردەی دروستی خێزان و،گروپی هاوڕێیان و قوتابخانە هەیە، هەرچەند مێردمنداڵ پەیوەستیی پێیانەوە زیاتر بێت، کاریگەری و ڕۆڵیان لە دوورخستنەوەی لە لادان زیاتر دەبێت، بەڵام کاتێك ئەوخێزانانەی کە کەمتەرخەمن لە پاڵپشتکردنی مێردمنداڵ بۆ بەهێزکردنی پەیوەستی، پەیڕەوی شێوازی هەڵە لە پەروەردە وەك پشتگوێخستن دەکەن، دەشێت کاریگەری نەرێنی لەسەر لاوازبوونی پەیوەستیەکەی بە ژینگەی خێزان و دەرەوەی خێزان هەبێت، نەتوانینی کۆنترۆڵی ئاڕاستەکانی بە شێوەیەکی دروست بکات، ڕەنگە ئەمانە ببنە سەرچاوەیەکی زیندوو بۆ دوورکەوتنەوەی مێردمنداڵ لە پەیوەستبوون و ئینتمای بۆ یاسا و پێوەرەکانی کۆمەڵگە لە ئاڕاستەکردنی ڕەفتاری، نزیکبوونەوەی لە بازنەی لادان(المعايطة، 2021: 263).

2-بەڵێن و پابەندی: هیرشی پێیوابوو بوونی هەستی بەرپرسیاریەتی لەلایەن مێردمنداڵ لە پێدانی بەڵێن و پابەندی، خۆبەدوورگرتن لە ڕەفتاری هەڵە، کەمتر تووشی لادانی دەکات، ئەمەش بە هۆی پاڵپشتی خێزانەوە دروست دەبێت، چونکە باوان ڕۆڵیان هەیە لە پێدانی ڕێنمایی دروست بە مێردمنداڵ بۆ ئەوەی ئەو شتانەی بە دەستهێناوە لە دەستیان نەدات وەك ڕێز و خۆشەویستی و ناوبانگی باش لەناو خێزان و ژینگەی دەرەوەی خیزان، بەڵام ئەو خیزانەی کەمتەرخەم دەبێت لە پاڵپشتکردنی سۆزداری و کۆمەڵایەتی بۆ مێردمنداڵ، دەبێتە هۆی لەدەستدانی توانای پابەندبوون و هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی چ بەرامبەر بە خودی خۆی و چ بەرامبەر بە کەسانی دەوروبەریەوە، ئەمەش لە ئەنجامی نەتوانینی پشتبەستن بە خۆی، کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خێزان سەرچاوەی سەرەکییە بۆ دروستکردنی ئەو بنەمایە لە دەروونی (Hirschi, 1969: 208).

3-بەشداری و تێکەڵبوون: بەشداریکردنی مێردمنداڵ لە چالاکی و کارە سودبەخشەکان، وا دەکات کاتێکی کەمی هەبێت بۆ ئەنجامدانی کردەوەی خراپ. هیرشی پێیوابوو تا مێردمنداڵ زیاتر سەرقاڵی ئەرکەکانی بێت، خەریك بکرێت بە چالاکیە وەرزشی و هونەرییەکان، ئەوە کەمتر دەکەوێتە بازنەی لادان، بەتایبەتی ئەو مێردمنداڵەی کە بەرکەوتەی زۆرە لەگەڵ خێزانەکەی، کاتێکی زۆری بۆ تەرخان دەکرێت لەلایەن باوانیەوە بۆ ئەنجامدانی جموجۆڵی و چالاکی هاوبەش، بە بەراورد بەو مێردمنداڵەی کە خێزانەکەی کەمتەرخەمن لە ڕێکخستنی چۆنیەتی کات بەسەربردنی و گرنگی پێنەدانی لە سەرقاڵ پێکردنی بە جمووجۆڵە چالاکیە سوودبەخشەکان، ڕەنگە ئەمەش زۆرجار بەهۆی پەیرەوکردنی شێوازی پشتگوێخستن لە پەروەردە یاخود بوونی ململانێ و گرژی خێزانەوە بێت، بۆیە دەست بەتاڵی مێردمنداڵ و چاودێری نەکردنی باوانی لە چۆنیەتی پڕکردنەوەی کاتەکانی دەرفتێکە بۆ چوونە نێو گێژاوەی لادان(یونس، 2022: 80).

سەرەنجام دەتوانین بڵێین بە گوێرەی ئەوەی ئەو خێزانەی کە شێوازی هەڵە، وەك (پشتگوێخستن) لە مامەڵەکردن و پەروەردەکردنی مێردمنداڵ پەیڕەو دەکات، دەشێت ببێتە هۆکارێکی بە هێز لە پاڵنانی مێردمنداڵ بەرەو ڕووی لادان، ئەمەش لە ئەنجامی کەمتەرخەمی کردن لە ڕێنوێنی و چاودێریکردنی مێردمنداڵ.

## ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

1- دەردەکەوێت شێوازەکانی پشتگوێخستنی خێزانی وەك پشتگوێخستنی (جەستەیی، تەندروستی، سۆز و خۆشەویستی و دەروونی، پەروەردەیی، ژینگەیی، چاودێری و کۆنترۆڵکردن) بۆ مێردمنداڵان لەلایەن باوانەوە، کاریگەری نەرێنییان لەسەر شێوازی ژیان و هەڵسوکەوت و کاردانەوەیان دەبێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2- دەردەکەوێت کەمتەرخەمی باوان لە بەرجەستەکردنی داواکارییە ماددییەکانی مێردمنداڵان، وەك (خواردن و خواردنەوەی تەندروست و جلوبەرگی گونجاو بە پێی وەرزەکانی ساڵ و خەرجی رۆژانەی پێویست)، دەبێتەهۆی هەستکردنیان بە کەمی و شەرمەزاری بەتایبەتی لای هاوڕێیانیان، ڕەنگە بەهۆیەوە پەنابەن بۆ ڕێگەی ناڕەوا لە پێناو بەدیهێنانی پێداویستییەکانیان و تێرکردنی حەز و ئارەزووەکانیان.

3- پشتگوێخستنی مێردمنداڵان لە بەخشینی سۆز و خۆشەویستی لەلایەن باوانەوە، وادەکات هەست بە ڕەتکراوەیی و نەویستراوی لەلایەن خێزانیانەوە بکەن، ئەمەش زۆرجار دەبێتەهۆی تێکچوونی باری دەروونی و لەدەستدانی توانا لە دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دروست لەگەڵ کەسانی دەوروبەرییان، ڕەنگە ئەمەش ببێتەهۆی ئەوەی پەنا بۆ سەرچاوەی تر ببەن بۆ پرکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کۆمەڵایەتییەی کە دووچاریان بۆتەوە، ڕەنگە ئەو سەرچاوەیە هۆکارێك بێت بۆ نزیکبونەوەی لە بازنەی لادان و ڕەفتاری نایاسایی.

4- لە بایەخنەدانی باوان بە لایەنی خوێندن و فێرکردنی مێردمنداڵان دەردەکەوێت، کاریگەری نەرێنی لەسەریان دروست دەکات، دەبێتەهۆی دابەزینی ئاستی خوێندن و سەرنەکەوتن لێی و گوێنەدان بە بەدەستهێنانی بڕوانامە، ئەمەش وادەکات مێردمنداڵان نەزان بن و بە ئاسانی بکەونە بەر داوی لادان .

5- دەردەکەوێت لاوازی چاودێریکردنی مێردمنداڵان لەلایەن باوانەوە لە چۆنیەتی کات بەسەربردن لە دەرەوەی ماڵ ،هەروەها گرنگینەدان بە ناسینی هاوڕێکانیان، ببێتەهۆی سەربەخۆبوون لە ڕەفتارکردن و بڕیاردان، دەکرێت ئەمەش ببێتەهۆی تێکەڵبوون بە هاوڕێی خراپ و تێوەگلاندنیان بە ڕەفتاری لادەری.

6- دەردەکەوێت پەراوێزخستنی باری تەندروستی مێردمنداڵان لەلایەن باوانەوە، لە کاتی نەخۆش کەوتنیان کاریگەری لەسەر تەندروستی جەستەیی و دەروونیان هەبێت، ڕەنگە ببنە مرۆڤێکی لاواز و بێتوانا، زۆرجار مەترسی لەسەر ڕەفتار و کەسایەتییان دەبێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

7- پشتگوێخستنی فەراهەمکردنی ژینگەی حەوانەوەی گونجاو بۆ مێردمنداڵان لەلایەن باوانەوە، وەك نیشتەجێبوون لە گەڕەکی نادروست، کە کەسانی لادەری تێدابێت، ڕەنگە مەترسی لەسەر ڕەفتار و کردارەکانیان هەبێت، لە ڕێگەی کارلێك و تێکەڵاوییان لەگەڵیاندا .

## پێشنیازەکانی توێژینەوەکە

1- پێویستە وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی ڕۆشنبیری بە هەماهەنگی هەوڵبدەن بەرنامەیەکی پلان بۆ دارێژراو بخەنەڕوو، لە ڕێگای دەزگا میدیاکانەوە بۆ هۆشیارکردنەوەی باوان لە تێگەیشتن لە گرنگیدان بە تێرکردنی پێداویستییە ماددی و مەعنەوییەکانی مێردمنداڵان بە شێوەیەکی پێویست.

2- پێویستە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی ڕۆڵ ببینێت لە بەشداریکردن لە پرۆسەی هۆشیارکردنەوەی باوان لە تێگەیشتن لە چۆنیەتی تێرکردنی هەست و سۆزی مێردمنداڵان و پەروەردەکردنیان بە پەروەردەکردنێکی تەندروست، ئەمەش لە ڕێگای بەرنامەی تەلەفزیۆنی و ووتارەکانی ڕۆژی هەینیەوە دەتوانرێت ئەنجام بدرێت.

3- پێویستە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی گرنگی زیاتر بەم بابەتە بدات، لە ڕێگەی تویژەرانی کۆمەڵایەتی لە دام ودەزگا جۆراوجۆرەکانی، خێزان هۆشیار بکاتەوە بۆ تێگەیشتن لە مەترسی شێوازەکانی پشتگوێخستنی خیزانی و مەترسیان لەسەر لادانی مێردمنداڵان.

4- پێویستە دام و دەزگا چاکسازییەکانی نەجەوانان، هەموو توانا هونەرییەکانیان خۆیان بخەنەگڕ بۆ دووبارە چاکسازی و ڕاهێنانی مێردمنداڵانی لادەر، بەمەبەستی چاککردنەوەی ڕەفتاریان و گەڕانەوەیان بۆ نیو کۆمەڵگا بە شێوەیەکی دروست و شیاو.

## سەرچاوەكان

جلال، گوڵان جمال. (2024) پەیوەندی شێوازی پەروەردەی خێزانی بە لادانی مێردمنداڵ-توێژینەوەیەكی مەیدانییە لە بەشەكانی چاكسازی نەوجەوانان لە هەرێمی كوردستان. نامەی ماستەر(بڵاونەكراوە). هەولێر: زانكۆی سەلاحەدین. كۆلێژی ئاداب. بەشی كۆمەڵناسی.

گینات، هایم. (2011) دایك و باوك و پەروەردەی منداڵ و ڕێگە چارەی نوێ بۆ كێشە كۆنەكان. سلێمانی: چاپخانەی شڤان.

آل سعود، منيرة بنت عبدالرحمن. (2005). إيذاء الطفل: أنواعه وأسبابه وخصائص المتعرضين له. مركز الدراسات والبحوث، أكاديمية نايف للعلوم الأمنية.

أبو الخير، طه و العصرة، منير. (1961) إنحراف الأحداث في التشريع العربي المقارن.الاسكندرية: دار المعارف.

أبوزيد، محمود. (2003) المعجم في علم الاجرام والاجتماع القانوني والعقاب. القاهرة: دار غريب.

أبوعليان، بسام محمد. (2016) الانحراف الاجتماعي والجريمة. ط3، فلسطين: جامعة الاقصى. منشورات إي-كتب.

اسماعيل، عزت السيد. (1988) سيكولوجية الإرهاب و جرائم العنف. الكويت: منشورات ذات السلاسل.

إسماعيل، احمد السيد محمد. (2001) الفروق في إساءة المعاملة و بعض متغيرات الشخصية بين الأطفال المحرومين من أسرهم و غير المحرومين من تلاميذ المدارس المتوسط بمكة المكرمة. السعودية: مجلة دراسات نفسية. المجلد11. العدد2. ص266-ص297.

بالقاسمي، محمد الأزهر و لفقير، علي. (2018) سوء معاملة الأطفال وإهمالهم: الآثار الناجمة عنها وكيفية الوقاية منها. جزائر: جامعة محمد البشير الابراهيمي. مجلة الابراهيمي للعلوم الاجتماعية والإنسانية. العدد02. ص7-ص31.

بن بعيط، سلمى و بوحاجب، أمينة. (2022) الإهمال الأسري وعلاقته بالعنف المدرسي لدى تلاميذ المرحلة المتوسطة-دراسة ميدانية بمتوسطة الحسن ابن الهيثم الشققة-جيجل. رسالة الماجستير. الجزائر:كلية العلوم الإنسانية والاجتماعية. قسم علم الاجتماع.

بوخميس، بوفولة. (2014) إنحراف الأحداث من منظور قيمي أخلاقي. الجزائر: جامعة باجي مختارعنابة.

بوقري، مي كامل. (2010) اساليب المعاملة البدنية و الإهمال الوالدي و الطمأنينة النفسية و الإكتئاب-دراسة ميدانية لدي عينة من تلميذات المرحلة الإبتدائية بمكة المكرمة. رسالة الماجستير. السعودية: جامعة أم القرى كلية التربية. علم النفس النمو.

بيرداود، زانا أحمد. (2019) علاقة التفكك الاسري بإنحراف الأحداث-دراسة ميدانية في مؤسسة إصلاح الأحداث بمدينة اربيل. اربيل: مجلة قەڵای زانست العلمية. جامعة اللبنانية الفرنسية. العدد 4. المجلد 4. ص 1103-ص 1154.

جابر، جمانه عبدالحكيم. (2021) أثر الإهمال الأسري في الاتجاه نحو العمل التشاركي الجماعي لدى تلاميذ الحلقة الأولى من التعليم الأساسي. جامعة البعث: مجلة جامعة البعث. العدد36. المجلد43.

جابر، سامية محمد. (2004) سوسيولوجيا الانحراف. الأسكندرية: دارالمعرفة الجامعية.

حسن، محمد على. (1970) علاقه الوالدين بالطفل واثرها في جناح الاحداث. القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب.

حمادة، وليد. (2010) سوء معاملة الأبناء وإهمالهم و علاقته بالتحصيل الدراسي-دراسة ميدانية على طلبة الصف الأول الثانوي العام في مدارس محافظة دمشق الرسمية. دمشق: مجلة جامعة دمشق. كلية التربية. المجلد 26. ص235-ص 271.

الدخيل، عبدالعزيز بن عبدالله. (2002) هل إيذاء الأطفال أهم من إهمالهم. الرياض: مجلة الأمل. مجلة فصلية ثقافية تصدر عن مجمع الأمل للصحة النفسية. العدد 30. ص 1-ص2.

الدوري، عدنان. (1984) أسباب الجريمة وطبيعة السلوك الإجرامي. ط3. الكويت: منشورات ذات السلاسل.

الدوري، عدنان. (1985)جنوح الأحداث. الكويت: منشورات ذات السلاسل.

دولارد، جون و آخرون. (1986) الاحباط و العدوان في كتاب السيكولوجية العدوان-بحوث في ديناميكية العدوان لدى فرد، الاجماعة، الدولة. ت: عبدالكريم ناصيف. عمان:دار منارات للنشر.

رسلان، نبيلة اسماعيل. (1996)حقوق الطفل في القانون المصري. القاهرة: دار النهضة العربية.

زكريا، رائد يوسف. (1967)عدوان الاطفال. القاهرة: مكتبة جامعة القاهرة.

الزهراني، عبدالرحمن. (2006)ظاهرة أنحراف الاحداث في منطقة ابها في السعودية-دراسة اجتماعية. رسالة ماجستير. الأردن: كلية الدراسات العليا.

السمري، عدلي محمود. (2019) علم الأجتماع الجنائي. عمان: دار المسيرة للنشر و التوزيع.

سواقد، ساري سليم و الطراونة، فاطمة حماد. (2000) إساءة معاملة الطفل الوالدية. عمان: مجلة دراسات العلوم التربوية. المجلد27. العدد2.ص414-ص436.

شهرزاد، بوحرود. (2020) العنف الأسري و علاقته بانحراف الأحداث من وجهة نظر الأحداث-دراسة ميدانية بمركز إعادة لتربية بالطاهير. رسالة ماجستير. ولاية جيجل: جامعة محمد الصديق بن يحيي-جيجل. كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية. قسم علم النفس.

الشرقاوى، انورمحمد. (1986) انحراف الاحداث. ط2. القاهرة: مكتبة الانجلوالمصرية.

الطاهرى، احمد. (2021) ظاهرة العنف في الوسط المدرسي دراسة في نظرياتهاالمعرفية. المانيا: مركز الديموقراطي العربي للدراسات الاستراتيجية و السياسية و الاقتصادية.

عبدالتواب، معوض. (1995)المرجع فى شرح قانون الاحداث. الأسكندرية: دار المطبوعات الجامعية.

عبدالخالق، جلاالدين و السيد رمضان. (2001) الجريمة والإنحراف من منظور الخدمة الاجتماعية. الأسكندرية: المكتب الجامعي الحديث.

عبدالكريم، يحياوي و شهين، سليم. (2020) الاهمال العائلي و انحراف الاحداث-دراسة ميدانية بمدينة تبسة. رسالة الماجستير. جزائر: جامعة العربي التبسة. كلية العلوم الإنسانية والاجتماعية. قسم علم الاجتماع.

عبيدي، سناء. (2010) العوامل الأسرية التي تجعل الطفل في خطر: تصورات الاخصائي النفسي في ولاية قسنطينة-دراسة ميدانية. رسالة ماجستير. الجزائر: جامعة منتوري قسنطينة. كلية العلوم الإنسانية و العلوم الاجتماعية. قسم علم الاجتماع.

العكايلة ، محمد سند. (2006) اضطرابات الوسط الأسري وعلاقتها بجنوح الأحداث. عمان: دار الثقافة للنشر والتوزيع.

علي، موسى رشاد. (1998) سيكولوجية الفروق بين الجنسين. القاهرة: مؤسسة المختار للنشر والتوزيع.

عمارة، محمد علي. (2008) برامج علاجية لخفض مستوى السلوك العدواني لدى المراهقين. مصر: المكتب الجامعي الحديث.

عواد، الوريكات عايد. (2008) علم الجريمة. الأردن: دار الشروق للنشر و التوزيع.

العيسوي، عبدالرحمان. (1984) سيكولوجية الجنوح. بيروت: دار النهضة العربية.

فايد، حسين. (2007) العدوان والاكتئاب فى العصر الحديث نظرة تكاملية. القاهرة: مؤسسة طبية للنشر و التوزيع.

فتحي، جونا برهان الدين. (2010) الاضطرابات السلوكية (السلوك العدواني، النشاط الزائد، التمرد عن المدرسة) لدى تلاميذ مرحلة الاساس-دراسة ميدانية من المدارس الحكومية و الخاصة و النموذجية في محلية الخرطوم. رسالة ماجستير. السودان: جامعة أم درمان الاسلامية. معهد بحوث و دراسات العالم الاسلامي. قسم علم النفس.

فهمى، محمد سيد. (2007) التشريعات الأجتماعية (الاسرة و الطفل و المعاقين العمل و الأحداث). الاسكندرية: الإصدار دار الوفاء للطباعة و النشر.

فيريول، جيل. (2010) معجم مصـــطلحات علم الاجتماع. ترجمة: أنســام محمد الاســعد. بيروت: دار و مكتبة الهلال.

قانون رعاية الاحداث قليم كردستان- عيراق، ( 1983) .

قانون العقوبات العراقي ، رقم (15)، لسنة 1969 في العراق.

قناوي، هدى. (1991) الطفل و تنشئته و حاجاته. القاهرة: مكتبة الأنجلو المصرية.

القيصر، علي. (2015) الإهمال العائلي وتأثيره على السلوك الأحداث للجنوح نحوالجريمة في الجزائر. الجزائر: مجلة الأحياء. كلية الحقوق والعلوك السياسية. جامعة باتنة. العددان 17-18. ص263-ص276.

المسحر، ماجدة أحمد حسن. (2007) إساءة المعاملة في مرحلة الطفولة كما تدركها طالبات الجامعة و علاقتها بأعراض الاكتئاب. رسالة الماجستير. السعودية: جامعة الملك سعود. كلية التربية. قسم علم النفس.

المطيري، عبدالمحسن بن عمار. (2006)العنف الاسري وعلاقته بانحراف الاحداث-لدى نزلاء دارالملاحظة الاجتماعية بمدينة الرياض. رسالة ماجستير. الرياض: جامعة نايف العربية للعلوم الامنية.كلية الدراسات العليا. قسم العلوم الاجتماعية.

المعايطة، خالد سلطان موسى و العساسفة، رامي عودة الله. (2021) مؤشرات الرابط الاجتماعي عند هيرشي وعلاقته بالحد من الجريمة في المجتمع الأردني. مجلة التربية. العدد 190. الحزء 5. ص 256-ص287. القاهرة: جامعة الأزهر. كلية التربية.

مختار، وفيق صفوت. (1999) مشكلات السلوكية-الاسباب و طرق العلاج. القاهرة: دار العلم الثقافة.

مختار، وفيق صفوت. (2004) الأسرة وأساليب تربية الطفل. القاهرة: دارالعلم والثقافة للنشر والتوزيع.

محمد، أيمن أحمد السيد. (2013) الإساءة الوالدية إتجاه أطفال الاوتيزم وأساليب مواجهتها. الأسكندرية: المكتب الجامعي الحديث.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

محمود، نبال. (2013) دور الأسرة في جنوح الأحداث-دراسة ميدانية في محافظة دهوك. دهوك: مجلة الآداب الرافدين. العدد 43. المجلد 67. ص 381-ص 404.

54-النجداوي، آن موسى و كفاوين، محمود. (2015) أسباب السلوك عند الأطفال من وجهة نظرهم. المجلد 42. ملحق 2. ص 1487-ص 1508. عمان: الجامعة الأردنية. كلية الآداب. قسم علم الأجتماع.

هيرشي، ترافيس. (1989) أسباب جنوح الأحداث، ت: محمد سلامة محمد غباري. مصر: المكتب الجامعي الحديث.

يونس، سمير. (2022) إسهامات منظور الضبط الاجتماعي في دراسة الجريمة. المجلة الجزائرية الأبحاث والدراسات. المجلد 05. العدد 03. ص 70- ص 85. الجزائر: جامعة الطارف.

Hirschi ,Travis .(1969) Causes of Delinquency .Berkeley: University of California Press .

Merton.R.K,(1961)social problems sociological theory; New York Harcourt; brace world.

Stevenson, Olive (2007)Neglect Children and Their Families, Second Edition, UK, Blackwell Publishing Ltd.

---

# Types of Family Neglect on Adolescent Delinquency Theoretical analytical research

**Hawreen Kanabe Ahmed**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: hawreenkanabe@gmail.com

**Zana Ahmad Pirdawd**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: Zana.perdawd@su.edu.krd

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## Abstract

This research highlights the forms of family neglect on adolescent delinquency. In society adolescents face several different forms of neglect, such as neglect (physical, health, environmental, emotional and psychological, educational, supervision and control) especially by fathers, which often poses a risk to their development and behavior, and becomes a catalyst for adopting illegal behaviors to compensate for the deficiencies in their lives. The main objective of the research is to examine the different forms of family neglect and also the role of these forms in adolescent delinquency. Thus, the research problem presents itself in this question: What are the forms of neglect, and what is their role in adolescent delinquency? The importance of the research is an attempt for scientific analysis of the phenomenon of delinquency that has emerged as a result of family neglect, and another importance is that it contributes to enriching the library of social sciences on this topic. This research is a theoretical analytical study, so it attempts to present the phenomenon of family neglect in the form of fathers' negligence in providing the material and spiritual needs of adolescents related to delinquency and abnormal behavior, on one hand, on the other hand it attempts to make a realistic reading of the topic through presenting previous research related to this topic, along with presenting the views of sociological theorists for better understanding of the phenomenon. From the main results of this research it has emerged that fathers' negligence in giving love and affection, and weakness of supervision and accountability in how time is spent outside the home, and not giving importance to knowing companions, and negligence in providing material needs such as (food and drink, appropriate clothing, necessary and healthy living space, providing necessary daily expenses), are the main reasons for adolescents ' approach to the sphere of delinquency.

***Keywords***: *Family Neglect, Adolescent, Delinquency*

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# أنماط الإهمال الأسري على أنحراف الأحداث
## بحث النظري التحليلي

**ملخص**

تسلط هذه الدراسة الضوء على أشكال الإهمال الأسري وأثرها على انحراف الأحداث. ففي المجتمع، يواجه المراهقين أشكالاً متنوعة من الإهمال، خاصةً من قبل الوالدين، كالإهمال (الجسدي، الصحي، البيئي، العاطفي والنفسي، التربوي، والإهمال في الرقابة والمتابعة). هذا الأمر قد يشكل خطراً على تصوراتهم وسلوكياتهم، وقد يصبح دافعاً لهم لانتهاج مسارات منحرفة بهدف سد النواقص في حياتهم. الهدف الرئيسي للبحث هو استعراض الأشكال المختلفة للإهمال الأسري، وبيان دور هذه الأشكال في دفع المراهقين نحو الانحراف. وبذلك، تتمثل مشكلة البحث في التساؤل الرئيسي التالي: ما هي أشكال الإهمال الأسري، وما هو دورها في انحراف الأحداث؟.

تكمن أهمية البحث في كونه محاولة للتحليل العلمي لظاهرة الانحراف الناجمة عن الإهمال الأسري، كما تبرز أهميته أيضاً في إسهامه في إثراء مكتبة العلوم الاجتماعية في هذا المجال. هذا البحث النظري التحليلي، لذلك حيث يسعى إلى تناول ظاهرة الإهمال الأسري، المتمثلة في تقصير الوالدين عن تلبية الاحتياجات المادية والمعنوية للمراهقين، وربط ذلك بالانحراف والسلوكيات الخارجة عن القانون. هذا من جهة، ومن جهة أخرى، يسعى البحث لتقديم قراءة واقعية للموضوع من خلال استعراض الدراسات السابقة ذات الصلة، وطرح آراء المنظرين في علم الاجتماع بهدف فهم الظاهرة بشكل أعمق. وقد توصلت الدراسة إلى مجموعة من النتائج الرئيسية، أبرزها أن تقصير الوالدين في منح العاطفة والحب، وضعف الرقابة والمتابعة لكيفية قضاء أبنائهم أوقاتهم خارج المنزل، وعدم الاهتمام بمعرفة أصدقائهم، بالإضافة إلى التقصير في توفير احتياجاتهم المادية الأساسية (مثل الطعام والشراب، والملبس اللائق، ومكان السكن الصحي والملائم، وعدم منحهم المصروف اليومي الكافي)، تُعد من العوامل الرئيسية التي تدفع المراهقين للوقوع في دائرة الانحراف.